# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی هەشتەم ژمارە (179) بەرواری 15-11-2024

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت


گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل10

بەشی دەهەم...

## وتەی ژمارە

## پێگەی ناسیونالیزمی کورد دوای هەڵبژاردنەکان و بەدیلی ترا!!

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، کۆتایی هات. بەپێچەوانەی پێشبینی و بانگەشەی لایەنەکان کە هەڵبژاردن دیزاینی سیاسی هەرێم دەگۆرێت و دەسەلاتی خۆ سەپێنی حزبەکانی دەسەلات لاواز دەکات، هەلبژاردن هەمان ئەو ئاکامەی دا بەدەستەوە، کە لەخولەکانی تردا و بەپێی دۆخی تایبەتی کوردستان، درێژەی هەبووە. ئێستا حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، سەرقاڵ یان باشتر بڵێین لە ململانێ لەسەر پیکهێنانی کابینەی دەهەمی حکومەتدان!. دیارە حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا هیچ کاتێک و لەهیچ بڕگەیەکدا، جگە لە دیکۆرێک و ماکیاژێک بۆ شاردنەوەی دەسەلاتی میلیشایی و حزبۆکراتی، زیاتر شتێکی تر نەبووە. حکومەتی داهاتوو یان کابینەی دەهەم، لەهەمان چوارچیوەدا و بۆ هەمان مەبەست پێک دێت.



بانگەشەی پیکهێنانی حکومەت و بەشداری لایەنەکان لەو حکومەتەدا و کێشمەکێش لەسەر پۆستەکان، لە بنەرەتدا بۆ پیکهێنانی حکومەتێکی نۆرماڵی سەراسەری و خاوەن دەسەلات و بریار نییە، بەڵکو بەکردەوە ململانێیەکی حزبییە بەرووی هەر حکومەت و دەسەلاتێکی دامەزراوەیی و یاسایی و سەراسەریدا.

هەردوو حزبی دەسەلات بەدەستی هەرێم پارتی و یەکێتی، خۆیان بەکردەوە و لە دنیای واقعیدا، بە بوونی هێزی چەکداری حزبی، بە دەیان هەزار بن دیوار، بە دەزگای ئاسایشی چەکداری هەمەجۆری حزبی، بە بەستنەوەی قوتی هاوڵاتیان و دامەزراندن و هەلی کار بە تەزکیەی حزبی، بە دەست بەسەرداگرتنی هەموو داهات و سامانی هاوڵاتیان، بە خۆبەستنەوە بە جەمسەرە ناوچەییە جیاوازەکان، بە گوێرایەڵ کردنی دادگاکان و سەندنەوەی هەموو سەربەخۆیەک لێیان، هەموو دەروازەکانیان بەرووی پیکهێنانی هەرچەشنە حکومەتێکدا داخستووە.

حکومەت و هەموو جۆرە حکومەتێک، بێ گوێدانە بە هەر ناوەرۆکێک، ناکۆکە بەدەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی... بۆیە چ پارتی و چ یەکێتی، بەکردەوە دژی پیکهێنانی هەر جۆرە حکومەتێکن. گوێزانەوەی دەسەڵات لە حزبەوە بۆ حکومەت... یەکگرتنی هیزی چەکدار و ئەمنی و سەربەخۆ کردنی، گێرانەوەی داهات و سامان بۆ دەستی حکومەت، ئەو هەنگاوانەن، کە دەستی دەسەڵاتی حزبی

بۆ لاپەڕە 2

## بەشێك لە ژینگە پارێزەرانی ڕانیە بەهۆی نەدانی موچەکانیان دەستیان دایە کۆبونەوەی ناڕەزایەتی!



جارێکی تر بەشێک لە ژینگە پارێزانی سنوری ڕاپەرین" قەڵادزی، رانیە، حاجیاوا" لەبەرامبەر بە دواخستنی موچەکانیان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، دەستیان دایە کۆبونەوەی ناڕەزایەتی... بەپێی لێدوانی چەند کرێکاریک ئەوە بۆ سێ مانگ دەچێت، موچەیان پێ نەدراوە. کرێکارانی ژینگە پارێز ئەو بەشە لە کرێکارانن، کە ئەرکی پاککردنەوەی گەرەک و

بۆ لاپەڕە 3

## لێکەوتەکانی دواخستن و دابەش نەکردنی موچە، لە ئەستۆی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییە!




جارێکی ترو لە درێژەی بەردەوامی دواکەوتنی موچەو لێبرین و پاشەکەوتکردنیدا، تا ئێستا موچەی مانگی ئۆکتۆبەری فەرمانبەران دابەش نەکراوە. هەروەها هەرەشە لەسەر موچەی مانگەکانی داهاتووی ساڵی ٢٠٢٤ هەیە.

دابەش نەکردنی موچەو دواخستنی بەردەوامی موچە، لە کاتێکدا کرێکاران و کارمەندان و موچەخۆران بێ پسانەوە و خەریکی دەوام

بۆ لاپەڕە 3



## کەمپەینی بۆپێشەوە


ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بەدژی یاسای هەمواری باری کەسێتی و بەیاساییکردنی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منالان...بۆ بۆپێشەوە دەدوێن... لاپەرە 5

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- کێشەی موچە بەهۆی دەسەلاتی دوو بنەماڵەی پارتی و یەکێتی بەردەوامە....ل4
- دیالەکتیکی ماتریالیزم یاخود مارکسیزم چییە...................................ل4
- ترەمپ چۆن گەڕایەوە کۆشکی سپی...............................................ل6
- شۆڕشەکان بۆ سەردەمی ئێستا چیمان پێدەڵێن.....................................ل7
- فاروق رەفیق ڕاسترەوێکی کۆنەپارێزی بێ زانست و زانیاری........................ل11-12-13


## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"

هاوڕێ عەلی محەمەد ئەمین وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل14




ل8_9

کۆشەی ئەدەب و هونەر

ل5

پرسی رۆژ

## درێژەی وتەی ژمارە

کورت دەکاتەوە و بەو ئەندازیەش دەرفەت دەدات بە جەماوەر و هاوڵاتیان تا کاری خۆیان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە یەکلایی بکاتەوە، تەنانەت ئەوە هەنگاوێکە بۆ چوارچێوەدان بە هەر هەڵبژاردنێکی نۆرماڵ و بۆ هاوکیشەی نیوان حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنیش. نابێ بیرمان بچیت، ئۆپۆزیسیۆن کاتێێک مانای هەیە کە رووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتێکی دەوڵەتی و حکومی. تا کاتێکدا فەرمانرەوایی لەدەستی دەوڵەت یان حکومەتدا نەبێت، هیزی سیاسی نەیاری دەسەڵات، ناچیتە ناو چوارچیوەی ئۆپۆزیسیۆن. حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن دوانەیەکی لێکهەڵپێکراون لە ململانێیەکی بەردەوامدا، بۆ دەست راگەیشتن بە فەرمانرەوایی یان ئاڵوگۆری دەسەڵات.

لە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و جۆری دەسەڵاتداریێتی زۆنەکاندا، حکومەتێک نییە تا ئۆپۆزیسیۆنی هەبێت... ئەوەی هەیە لە زۆنی زەردا پارتی وەکو حزب هەموو جومگەکانی دەسەڵاتداریێتی ئەمنی و داهات و سامان و بەڕیوەبردن و پەیوەندی و بریار و ...تاد، قۆرغ کردووە و بەهیزی چەکداری حزبی و پشتیوانی دەرەکی بەرگری لێدەکات. لە زۆنی سەوزیش، بەهەمان شیوە جومگەکانی دەسەڵاتداریێتی ئەمنی و ناوخۆیی و داهات و سامان و پەیوەندیەکان و بریار و بەپشتیوانی جەمسەرێکی دەرەکی لەدەستی یەکێتی دایە و بە هیزی چەکداریش بەرگری لێدەکات... حزبەکانی نەیاری دەسەڵات، ناتوانن لە رێگای هەڵبژاردنەکان و بەشێوەی ئاسایی و یاسایی دەسەڵات لەدەستی پارتی و یەکێتی دەربهێنن. دیارە پارتی و یەکێتیش ناتوانن لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە جێ بە یەکتری لێژ بکەن... ئەم واقعیەتە داسەپاوە ئەوە دەخاتە ڕوو لە هەرێمدا لە جێگای حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن، ململانێی حزبی لە نێوان حزبە دەسەڵاتە بەدەستەکان لەگەڵ یەکتری و لەلایەکی ترو بەهەمان شیوەش لەگەڵ حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵاتدا و لەگەڵ یەکتری هەیە... بۆیە حزبی گەورەو بچوک هەیە نەک حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن بەمانا باوەکەی.

لە روانگەی ئەو واقعییەتە سیاسیە داسەپاوەدا، لە هەرێمدا حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن نییە، ململانێی نێوان حزبەکان هەیە. چۆن ناسنامەی حکومەت بۆ دەسەڵاتی حزبۆکراتی دروست نییە، ناسنامەی ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ حزبەکانی نەیاری دەسەڵات گونجاو نییە.

پیگەی سەرجەم ئەو حزبانە یان سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی کورد، بەوانەی خاوەن دەسەڵاتن یان ئەوانەی خوازیاری دەسەڵاتن و بەشن لەو دەسەڵاتەدا، بە هەمان ئەلگۆ پیشوو لە هەرێمدا درێژەی دەبێت. حکومەت و پەرلەمانیش بەهەمان شێوەی پیشوو، بەجیا لە ئاڵوگۆری ریژەی کورسیەکانی لایەنە بەشدارەکان تیایدا، وەکو دوو دامەزراوەی روکەش بۆ شاردنەوەی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و بۆ شیواندنی رای گشتی کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

بەکورتی کابینەی دەهەم زوو پێک بێت یان لە درێژەی زبری و قوڵی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بچێتە پێشەوە و دوابکەوێت، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە هەردوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی وەکو هیزی سەرەکی دەسەڵات دەمێننەوە. لەو نێوەدا فاکتەرێک کە چەند ساڵێکە هاتۆتە ناو واقعیەتی سیاسییەوە، رەوەندی باڵادەستی ناوەند و دەسەڵاتی سیاسی بەغدایە بەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێمدا، ئەو رەوەندە بەردەوام دەبێت و هەژموونی ناوەند بە ئاقاری قوتدانی چەند پرسێکدا دەچێتە، پیشەوە... کە کاریگەری بەرجەستە بەسەر دۆخی سیاسی هەرێم و پیگەی پارتی و یەکێتی و هیزەکانی تردا دەهێنێت... لەوانە، هەوڵی دەسەڵاتی بەغدا بۆ کۆتاییهێنان بە هەژموونی پارتی و یەکێتی بەسەر داهاتی ناوخۆیی هەرێم و دەروازە کومرگی و سنورەکان و پرسی موچە و دابەشکردن و بە دیجیتاڵکردن و گێرانەوەیەتی بۆ ژێر سایەی ناوەند... ئەو فاکتەرە دەتوانێت دەستی پارتی و یەکێتی لە راگرتنی لەشکری بن دیوار و راگرتنی کادرانی حزبدا لە رێگای پارەو موچەوە بەقازانجی خۆیان کورت بکاتەوە... پرسی دووەم، پرسی تواندنەوەی هیزە چەکدار و ئەمنییەکانە، لە چوارچێوەی هیزی ئەمنی و بەرگری و سوپای عێراقدا... ئەم هەنگاوە لەلایەکەوە کۆتایی بەدرۆی یەکخستنەوەی هیزی پیشمەرگە و چەکداری پارتی و یەکێتی و... دەهێنێت و لەلایەکی تریشەوە دەستی پارتی و یەکێتی کورت دەکاتەوە کە لەڕێگای هیزی چەکدار و ئەمنی حزبییەوە، هەژموونی خۆیان وەکو پیشوو بەسەر خەڵکی کوردستاندا درێژە پێبدەن و باڵانسی هیزیان لەبەرامبەر بەخەڵکی کوردستاندا دەگۆڕێت و لە کایەی هەڵبژاردنەکانیشدا، کورسییە پێش وەختە مسۆگەرەکانیان کە پشتی بەو لەشکرە بەستووە، نامێنی" ئەم فاکت و پرسە، ناتوانێت بەخێرایی بچیتە پیشەوە، بەڵام رەوەندێکە بەری پێناگیرێت".

بەجیا لەو رەوەندە کە رەوەندی هەژموونی بەغدا بەسەر دەسەڵاتی هەرێمەوەیە و هۆکاری گۆرانکارییە، یەک فاکتی تر دەتوانێت ببێتە مایەی ئاڵوگۆر لە دۆخی سیاسی کوردستاندا بە سودی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان. ئەویش پیشرەوی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و حزور پەیداکردنی هیزی چەپ و کۆمۆنیزمە، لە کێشمەکیشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا... لەدڵی نەفرەت لە دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی پارتی و یەکێتی و لە نەبوونی حزبی نەیاری بەهێزی بۆرژوازی بەدژی ئەو دەسەڵاتەدا و رەوینەوەی خۆشباوەری بە هیزە بۆرژوازییەکانی تر، شانسی چەپ و کۆمۆنیزم بۆ بەهیز بوون و دەرکەوتنی وەکو هیز و ئاراستەیەکی سیاسی و چێنایەتی جیاواز و بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و بە پراکتیکی شۆرشگێرانەوە، واقعیەتیکە...

بەهیز بوونی چەپ و کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەم دەتوانێت ببێتە مایەی ئاڵوگۆری بەرجەستە لە دۆخی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و جەماوەری بیبەشدا و هەم دەتوانێت ئاسۆیەکی تر بخاتە بەردەم ئاییندەی سیاسی کوردستان و گۆرینی شیوەی پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە. بوار بۆ ئەم ئەڵتەرناتیف و جیاواز و شۆرشگێرە، هەیە.

**ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤**

**هەردوو حزبی دەسەڵات بەدەستی هەرێم پارتی و یەکێتی، خۆیان بەکردەوە و لە دنیای واقعیدا، بە بوونی هێزی چەکداری حزبی، بە دەیان هەزار بن دیوار، بە دەزگای ئاسایش و چەکداری هەمەجۆری حزبی، بە بەستنەوەی قوتی هاوڵاتیان و دامەزراندن و هەلی کار بە تەزکیەی حزبی، بە دەست بەسەرداگرتنی هەموو داهات و سامانی هاوڵاتیان، بە خۆبەستنەوە بە جەمسەرە ناوچەییە جیاوازەکان، بە گوێرایەڵ کردنی دادگاکان و سەندنەوەی هەموو سەربەخۆیەك لێیان، هەموو دەروازەکانیان بەرووی پێکهێنانی هەرچەشنە حکومەتێکدا داخستووە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناكاتەوە، كە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

**درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

# درێژەی: بەشێك لە ژینگە پارێزەرانی رانیە بەهۆی نەدانی موچەکانیان دەستیان دایە کۆبونەوەی نارەزایەتی!

شارو شارۆچکەکانیان پێ سپێرداوە و ئەگەر کاری تاقەت پروکێنی ئەوان نەبێت، شارو شارۆچکەکان و گەرەکەکان.... نوقمی خاشاک و پیسی دەبن و لەوەش زیاتر دەبێتە سەرچاوەیەکیش بۆ بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش و نەخۆشی...

لە کاتێکدا ئەم بەشە لە کرێکاران موچەکانیان لە ٣٠٠ بۆ ٣٥٠ هەزار تێپەڕ ناکات و ئەو موچەیە بەهیچ پێوەرێک نەک بەشی بەڕێوەچوونی خێزانێک، بەڵکو بۆ کەسیکیش لە دۆخی گرانی بازار و شمەک و خەستەخانەو پێداویستیەکانی ژیاندا، کەمە.... کەچی دیسان بە پاساوی جۆراو جۆر ئەو موچە کەمەش دابەش ناکەن و بۆ چەند مانگ دوای دەخەن.



دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە، کرێکارانی ژینگە پارێز، رووبەرووی ئەو ستەم و تالانکارییە دەبنەوە، بەڵکو لە چەند ساڵی رابردوودا یەکێک لە کیشەی سەرەکی کرێکارانی ژینگە پارێز لە کوردستاندا، پرسی دواخستنی موچەو دابەش نەکردنی بووە. دابەش نەکردنی ئەو موچەیەو دواخستنی، بۆتە مۆتەکەی سەر ژیان و گوزەرانی ئەو خێزانە کرێکاریانە... سەرمایەدارەکان و کۆمپانیا چاوچنۆکەکان، بە پشتیوانی حکومەت و دەسەڵاتی پشتیوانیان لەپێناو قازانجی زۆتر و زۆرتر و کەڵەکەی سەرمایەدا، چاو لەو ناحەقییە دەپۆشن و بیرێک لە مناڵ و خیزان و ژیان و گوزەرانی ئەم بەشە لە کرێکاران نادەنەوە و لێکەوتەکانی نەبوونی و برسێتی، درک ناکەن.

کرێکارانی ژینگە پارێزو سەرجەم بەشەکانی تری کرێکاران بۆ مافی رەوای خۆیان و موچە دواخراوەکانیان، ناچارن دەست بۆ مانگرتن و کۆبونەوەی نارەزایەتی ببەن و یەخەی کۆمپانیاکانیان بگرن بۆ وەرگرتنی موچەکانیان. لەو هەنگاوەشدا پێویستە بەشەکانی تری کرێکاران لە ژینگە پاریزانەوە تا کرێکارانی بەشەکانی تر پیشتیوانی لە کرێکارانی مانگرتوو ناڕازی بکەن و ریزی نارەزایەتیەکانیان بەهێز بکەن. لەوەش زیاتر پیویستە خەڵکی چ لە ئاستی گەرەکەکان و چ لە ئاستی شاردا، دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی کرێکارانی ژینگە پارێز تا گوشار بخەنە سەر کۆمپانیاکان، بۆ ئەوەی موچەی کرێکارەکان لەکاتی خۆیدا دابەش بکەن.

# درێژەی: لێکەوتەکانی دواخستن و دابەش نەکردنی موچە، لە ئەستۆی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییە!

و کارکردنن، روداوێکی سادە و گێرانەوەی بەسەرهاتێک نییە، بەڵکو تاوانکارییەکی ئاشکرا و زیندوە بەرامبەر بە موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.

دواکەوتنی بەردەوامی موچەی فەرمانبەران، لە کاتێکدایە تا ئێستا دەیان جار سەرانی وردو درشتی پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تر رایان گەیاندووە کە کێشەی موچە چارسەرکراوە دوا ناکەوێت، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشدا، دیسان چ پارتی و چ یەکێتی، بەڵێنی چارسەرکردنی دواکەوتنی موچەیان دەدا، کەچی دیسان کیشەی دواکەوتنی موچە بەردەوامە و بۆتە مەترسیەکی گەورە لەسەر ژیان و گوزەرانی موچەخۆران.

پارتی و یەکێتی کە دەستیان بەسەر هەموو سامان و داهات و قوتی هاوڵاتیانی کوردستاندا گرتووە، و فەرمانبەرانیش لە هەرێمی کوردستان و لەژێر سایەی دەسەڵاتی هەردوو زۆنەکەدا خەریکی کاری خۆیانن، کەچی بە پاساوی جۆراو جۆر و بێ بنەما شانی خۆیان لە دابەش کردنی موچە خاڵی کردۆتەوە. یەکێتی کیشەی موچە دەخاتە سەرشانی پارتی و پارتییش هۆکارەکەی بۆ بەغدا دەگێرێتەوە، و قوربانیانی ئەم دۆخەش موچەخۆرانن.

نەبوونی موچە و دابەش نەکردنی یانی سەندنەوەی ژیانکردن لە سەدان هەزار خێران، کە تاکە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانیان کار و موچەکەیانە. لێکەوتەی نەبوونی موچە و گیرفانی خاڵی هەر ئەوە نییە کە فەرمانبەران ناچارن شتی ناو ماڵەکانیان بفرۆشن یان بکەونە پارە قەرزکردن لەم و لەو.... بەڵکو دەشێ ببێتە تێکدانەی شیرازەی خێزانەکان، ببێتە هۆکارێک بۆ دەستبردن بۆ کاری نەشیاوی ناچاری، ببێتە هۆی دەرهێنانی مناڵەکانیان لە خوێندن و پەروەردە، وە ببێتە سەرچاوەی زۆربوونی تاوان و تاوانکاری، ببێتە هۆی خۆکوژی و نائومیدی... ئەوەی لەهەموو ئەو لێکەوتانە بەرپرسیارە پارتی و یەکێتین.

موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بەدژی ئەم هەلومەرجە بەردەوام خەریکی نارەزایەتی و کۆبونەوەی نارەزایەتی و مانگرتن و بایکۆت و یاداشت نووسین و ... بوون. ئێستاش دوای گەمەی هەڵبژاردنەکان و بەڵینەکانی حزبەکان، پیویستە فەرمانبەران بە تین و تەوژمێکی نوێوە، درێژە بە نارەزایەتیەکانیان بدەن... کۆبونەوە نارەزایەتییەکان ببەنە بەردەم بارەگای سەرەکی حزبەکان و دەسەڵات، سەرانیان ریسوا بکەن، لەو جێگایانەی لە داهاتیان هەیە، دەست بەسەر داهاتەکاندا بگرن و لەرێگای کەسانی دڵسۆزەوە موچە کارمەندان و پێداویستی بەردەوامی ناوەندو دامەزراوەکان دابین بکەن... لەوە زیاتر پێویستە موچەخۆرانی هەرێم پشتیوانی بکرێن و بەتەنها جێ نەهێلرێن... دەکرێت کریکاران و کارمەندانی بەشەکانی تر بچنە پشت دواخوازییەکانیان و لەگەڵیان بن... دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، باکیان بە نەبوونی و ژیانی هاوڵاتیانەوە نییە، دەبێ بەهیزی جەماوەری و بە کاری رێکخراو بەزۆر مافەکانی خۆیان لە قورگیان دەربهێنن.


ئەگەر دەڵێن داهات نییە، ئەو هەموو کەناڵە میدیاییە بەچی دەچەرخێن؟ ئەو هەموو سامان و سەروەتە لە کوێوە دەچیتە گیرفانی خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان و بەرپرسە حزبەکان؟ داهاتی فرۆشی نەوت بۆ کوێ دەچیت؟ داهاتی باج و رسومات، لای کێیە؟ کوا داهاتی خاڵ و دەروازە سنوریەکان؟ داهاتە ناوخۆۆەکانی تر بۆ کوێ دەچێت؟... تاد.

تاکە رێگا و تاکە ڕیگا، تەنها وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانە لەلایەن فەرمانبەران خۆیانەوە بۆ یەخەگرتنی دەسەڵات و پشتیوانی چینی کرێکار و بەشەکانی تری کۆمەڵگەیە، لێیان.

**کابینەی دەهەم زوو پێك بێت یان لە درێژەی زبری و قوڵی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بچێتە پێشەوە و دوابکەوێت، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە هەردوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی وەکو هیزی سەرەکی دەسەڵات دەمێننەوە. لەو نێوەدا فاکتەرێك کە چەند ساڵێکە هاتۆتە ناو واقعیەتی سیاسییەوە، رەوەندی باڵادەستی ناوەند و دەسەڵاتی سیاسی بەغدایە بەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێمدا، ئەو رەوەندە بەردەوام دەبێت و هەژموونی ناوەند بە ئاقاری قوتدانی چەند پرسێکدا دەچێتە، پیشەوە... کە کاریگەری بەرجەستە بەسەر دۆخی سیاسی هەرێم و پیگەی پارتی و یەکێتی و هیزەکانی تردا دەهێنێت...**

# کێشەی مووچە بەهۆی دەسەڵاتی دوو بنەماڵەی پارتی و یەکێتی بەردەوامە لە کوردستان!

نووسینی: ڕێبوار یاسین فتاح



نزیک دە ساڵە هیچ ساڵێک تێنەپەڕیووە و مووچەیەک یان دوو مووچە یان سێ مووچەی موچەخۆرانی هەرێم لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە نەدزرابێت. ئەمساڵیش سەرباری وەعدەو بەڵێنی چەند لایەنێکی عێراقی، هێشتا فەرمانبەرانی هەرێم دوودڵن لەوەی مووچەکانیان بە تەواوی وەربگرن.

ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو مووچەخۆرانی هەرێم دوودڵن لەوەی حکومەتی کاربەرێکەر بەهانە بۆ دابەشنەکردنی مووچەکانی کۆتایی ساڵ بهێنێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو سێ موچەی دابەش نەکرد و خۆشی نەکرد بە خاوەنی.

لە ٣٣ ساڵی ڕابردوودا، حکومەتی کوردایەتیەکەی پارتی و یەکێتی ١٦ مووچەیان نەداوە و ٤٤ مووچەشیان بە پاشەکەوت و لێبڕینەوە دابەشکردووە، بەتایبەتی کۆتایی ساڵەکانیان هەمیشە بەنارێکی دابەشکردووە.

ساڵی ڕابردووش یەکێک بوو لەو ساڵانەی حکومەتی کاربەرێکەر سێ مووچەی کۆتایی ساڵەکەی دابەش نەکرد، بەمانایەکی دیکە لە ١٣ مانگی ڕابردوودا حکومەتی کاربەرێکەر تەنها نۆ موچەی دابەشکردووە بەو پارانەی کە بەغداوە دەنێردرێت. ئەمساڵیش بەهۆی پابەندنەبوونی هەرێمەوە بە ڕادەستکردنی نیوەی داهاتی ناوخۆ و پاککردنەوەی لیستی مووچە، تا ئێستا مانگی ١١یە مووچەی مانگی دە نەدراوە. ئەمانە بەردەوامن، خەڵکی کوردستان و مووچەخۆران بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا دەبن، لەبەرئەوەی بازاڕی کاسبکاری خەڵکی کوردستانیش بەبوونی مووچەوە وەستاوە. ئەگەر مووچە نەبوو، فرۆشیاری بازاڕیش کاریان دەوەستێت.

ئەو دڵە ڕاوکێیەی مووچەخۆران بەهۆی ئەوەیە، بەتایبەتی دەوترێت هەرێم پشکی خۆی لە بودجەی ٢٠٢٤ وەرگرتووە و داوای پارەی زیاتر دەکات و ئامادە نییە لە داهاتی ناوخۆ کورتهێنانەکەی پڕبکاتەوە. بەوەش ئەگەر بەغدا پارە نەنێرێت، هاوشێوەی ساڵانی پێشوو حکومەتی کاربەرێکەر خۆی لەبەرپرسیاریەتیەکەی دەدزێتەوە.


لەکاتێکدا کە مووچەخۆران مووچەیان نادرێت، بەڵام هەردوو حزبی بنەماڵەو سەرکۆکەکان و لێپرسراوان و خێزانەکانیان لەژیانی شاهانەدا دەژین و بۆ ڕۆژێک بێپارە نەبوون، بۆ ڕۆژێک خواردنێکی خراپیان نەخواردووە بۆ ڕۆژێک بێ ئاو و کارەباو گاز نەبوون. لەکاتێکدا زۆربەی خەڵک و مووچەخۆران لەم پێداویستیە ڕۆژانەیە بێبەشن.

ئەمەیە کۆمەڵگایەکی ناعەدالەت و نایەکسان لە ژێر دەسەڵاتی دوو دەسەڵاتی بنەماڵەیی بارزانی و یەکێتیدا!

******

# دیالەکتیکی ماتریالیزم یاخود مارکسیزم چییە؟

ئامادەکردنی: نیوار عمر




لە کۆنەوە فەیلەسووفان هەوڵیان داوە لێکدانەوە بۆ دنیا بکەن بە شێوازی جیاواز، بەڵام لێکدانەوەکانیان هەرگیز هێندەی زانست نزیک نەبوون لە ڕاستییەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە زانست لە جیاتی ئەوەی وەک فەلسەفە (بە تایبەتی فەلسەفەی ئایدیالیزم) کار بە چەمکەکان بکات و میتافیزیکی بێت، یاساکانی خۆی لە ئەقڵ وەرناگرێت، بەڵکو لە سرووشتی وەردەگرێ، بە چەمکە فەلسەفییەکەی واتە ماتریالیستییە نەک ئایدیالیستی. هەر لە سەردەمی نیوتنەوە زانست بوو بە بەشێکی زۆر گرنگی جیهان و کاریگەری زۆر ئەرێنی لەسەر شۆڕشی پیشەسازی و تەندرووستی و کایەکانی کۆمەڵگە هەبوو. هەر لەم سەردەمەی گەشەسەندنی زانستەوە بوو کە لە ئەڵمانیای پایەتەختی فەیلەسوفانەوە کەسێکی دانا و زانای وەک کارڵ مارکس لە دایک دەبێت دەست دەکات بە خوێندنی زانستەکان و فەلسەفە، ڕەخنەی لە هیگڵی فەیلەسووف گرتووە لەبەرئەوەی ماتریالیستی نەبووە و لەوێشەوە تیۆرییەکی زانستی توندوتۆڵ پەرەپێدەدات بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵگە، ئەویش دیالەکتیکی ماتریالیزمە (دیامات).

ئەنگڵس لە کتێبی 'دەربارەی سرووشت (On Nature)'بەم شێوەیە باس لە دیالەکتیک دەکات: "پێویستە گەشە بە سرووشتی گشتی دیالەکتیک بدرێ وەک زانستی پەیوەندییەکان، بە پێچەوانەی میتافیزیکەوە"، پەیوەندییەکان مەبەست لەوەیە بۆ لێکدانەوەیەکی دیالەکتیکی شتەکان پێویستە سەرەتا پەیوەندیی شتەکە بە شتی تروەوە بدۆزینەوە و نابێت بە سەربەخۆیی لێی بڕوانین، چونکە هیچ شتێک لە سرووشتدا سەربەخۆ و جیا نییە، هەموو شتەکان پەیوەندیدارن. لێرەدا دەزانین کە دیامات پەیوەستە بە پەیوەندی شتەکان بە چوار دەورییەوە، بەڵام ئەم پەیوەندییە چۆنە؟ ئەنگڵس سێ یاسامان لە هەمان لاپەڕەدا بۆ دەنووسێت (کە دواتر بە شێوەکی دوور و درێژ بەسەر سرووشتدا جێبەجێی دەکات)، یەکەم یاسا بریتییە لە:

١. کۆبوونەوەی دژەکان.

واتە چی؟ لینین لە دۆکیۆمێنتی 'دەربارەی پرسی دیالەکتیک (On The Question Of Dialectics)' دەڵێت: "جیابوونەوەی تاکێکی تەواو (single whole) و تێگەیشتن لە بەشە دژیەکەکانی، کرۆکی دیالەکتیکە"، واتە هەموو شتێک لە ناو خۆیدا دوو دژیەک هەڵدەگرێ، بۆ نموونەش پێمان دەڵێ:

لە بیرکاریدا: کۆ و کەم، داتاشراوە و تەواوکاری.

لە میکانیکدا: کار و کاردانەوە.

لە فیزیادا: کارەبای پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ (یاخود بارگەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ).

لە کیمیادا: یەکگرتن و هەڵوەشانی توخمەکان.

لە زانستی کۆمەڵایەتیدا: ململانێی چینایەتی (نێوان کرێکار و سەرمایەدار".

لێرەدا تێدەگەین کە دیامات دنیامان بۆ لێکدەداتەوە سەرەتا بە زانینی ئەوەی کە هەموو شتەکانی ناوی پەیوەندارن (ماتریالیزم)، پاشان بە یاسای (کۆبوونەوەی دژەکان) لەناو ئەم شتانەدا.

ئێستاکە دوو یاسای تری دیامات ماوە باسی کەین، لە دەمی ئەنگلسەوە، ئەوانیش یاسای:

٢. گۆڕانی چەندایەتی (Quantity) بۆ چۆنێتی (Quality)بە پێچەوانەشەوە.

٣. لەناوچوونی لەناوچوون (Negaton Of The Negation)یاخود کاتێک تازە شوێنی کۆنە دەگرێتەوە.

دەربارەی یاسای دووەم یەک نموونەی سادە ڕوونی دەکاتەوە، ئەویش کوڵان و بەستنی ئاوە: ئەگەر لە ژێر پەستانی کەشدا ئاوێک لە پلەی ‎-٢٠°C‎دابنێین ئەوا دەیبەستێ و دەبێتە سەهۆڵ، بەڵام گەر پلەی گەرمییەکەی بەرز بکەینەوە بۆ ‎٠ °C‎(گۆڕانێکی چەندایەتی) ئەوا سەهۆڵەکە دەتوێتەوە بۆ ئاوی شل (گۆڕانێکی چۆنێتی)، بەهەمان شێوەش بە بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی بۆ ‎١٠٠ °C‎ئاوەکە دەبێتە هەڵم. لەم نموونەیە تێدەگەین کە تەنها پاش گۆڕانی چەندایەتی پێویست (لێرەدا پلەی گەرمی) ئەکرێ گۆڕانی چۆنێتی (لێرەدا شلبوونەوە و بەهەڵمبوون) ڕووبدات، هەرگیز ئاو لە ژێر پەستانی کەشدا لە ژێر ‎٩٩ °C‎ناکوڵێ، چونکە گۆڕانە چەندایەتییەکە بە پێی پێویست ڕووی نەداوە.

دەربارەی یاسای سێیەم، خۆی لە خۆیدا تەواوکەری یاسای دووەمە، چونکە هەمیشە دوای گۆڕانە چۆنێتییەکان، باری پێشووی شتەکە لەناو دەچێت و بارێکی نوێ دروست دەبێت، بۆ نموونە پەپوولە سەرەتا کرمە، بەڵام پاش گۆڕانی چەندایەتی و چۆنێتییەکان کرم لەناودەچێت و دەبێتە پەپوولە، ئەویش بەهەمان شێوە لەناو دەچێت، هەر بەم شێوەیەش لەناوچوونی لەناوچوون.

کەواتە بە سادەیی، دیامات زانستێکی ماتریالیستییە و لە شتەکانی دەکۆڵێتەوە لە ڕێی پەیوەندی نێوانیان، یاساکانی ئەم لێکدانەوەیەک بریتین لە:

١. کۆبوونەوەی دژەکان.

٢. گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنێتی بە پێچەوانەشەوە.

٣. لەناوچوونی لەناوچوون یاخود کاتێک تازە شوێنی کۆنە دەگرێتەوە.

هەر لە ڕێی ئەمەشەوەیە کە مارکسیستەکان لێکدانەوە بۆ بارودۆخە سرووشتییەکان دەکەن، کەواتە مارکسیزم ئایدۆلۆژیایەکی جێگیری پیرۆز نییە، بەڵکو زانستێکە وەک هەر زانستێکی تر، قابیلی گۆڕان و ڕەخنە و پێداچوونەوەیە بە شێوەیەکی زانستی.

******

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

## پرسی رۆژ

**کەمپەینی وەستانەوە بەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی یاسای ١٨٨ ی عێراقی**

**ژمارەیەك لە ژنان و پیاوانی بەرگریکار لە مافەکانی ژنان، سەبارەت بە هەمواری یاسای باری کەسێتی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...**

# پرسی رۆژ

# هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق

**لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی قەومی تایەفی و دینی لەعێراق، چەند جارێک هەوڵدراوە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ وبەتایبەت برگەکانی تایبەت بە تەمەنی هاوسەرگیری کچان وتەڵاق ومیرات ونەفەقە هەموار بکرێتەوە. جارێک بەناوی جێگرتنەوەی شەریعە بۆئەو یاسایە وجارێکی تر بەناوی یاسای جەعفەری لە ٢٠٠٣ ەوە حزبە ئیسلامیەکان و بەتایبەت باڵی شیعە دەستپێشخەریان کرددوە. ئەوا جارێکی دیکە لەهەوڵێکی دیکەدا بۆبنیاتنانی دەوڵەتی شیعی لەرێگەی گۆڕین و هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەعێراق هەنگاوی یەکەمیان ئەوەبوو لە ٥ی ئابی ئەم ساڵدا هەموارکردنەوەکە لەلایەن پەرلەمانتار رائد المالکی (چوارچێوەی هاوئاهەنگی) یەوە پێشنیارکرا وخوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا.**

**بەپێی پسپۆریەکەتان لە کارو ژیانی خۆتان، ئەم هەموارکردنەوەیە چ کاریگەریەکی ئەبێت بەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و بەسەر تاکی کۆمەڵگە بەتایبەت و بۆنەوەی داهاتوو؟**

**سەلام عەبدوڵا: نووسەر**



گۆڕینی ئەم یاسایە (یاسای ١٨٨ لەیاسای باریکەسێتی لەعێراق) بە تێڕوانینی مەزهەبی نێرسالاری دەبێتە کارەساتێکی کۆمەڵایەتی گەورە بەتایبەتی بۆ کیژان و ئافرەتان. بۆ نموونە زەمینە خۆشدەکات بۆ زەواج لە دەرەوەی دادگا، واتە شەرعییەت دان بە هاوسەرگیری مەزهەبی و بەشوودانی کچی مناڵ و بێمافی ژن لە کاتی جیابوونەوە، و برەودان بە هاوسەرگیری(سیغە). شایانی باسە، ژنانی شاری خانەقین لە گردبوونەیەکدا هەڵویستی خۆیان لە دژی گۆڕینی یاسای 188دەربڕی. ئەرکی هەموو رێکخراو و کەسایەتی شیوعی و چەپ و مرۆڤدۆستەکان ئەوەیە یەکریزی بنوێنن لە وەستانەوە وبەگژداچوونی ئەو هەوڵە کۆنەپەرەستانەیە کەلەژێر ناوی یاساوە دەستی بۆدەبەن.

**شیرین ئەحمەد: چالاکوانی مافەکانی ژنان**



یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ تا ئێستا کاری پێ دەکرێت، و لەوکاتەدا واتە نزیکەی ٦٥ ساڵ پێش ئێستا یەکێک بووە لەیاسا پێشکەوتوەکانی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی وئیسلامی. هەموارکردنەوەی لەئێستادا بەجۆرێک گەڕانەوەیە بۆدواوە بەراستی مایەی شەرمەزاریە بۆکۆمەڵگەی عیراقی. لە ڕۆژی ٣/٧/٢٠٢٤ پرۆژەکە خوێندنەوەی یەکەمی لەسەر کراو، کە دواتر دەنگدانەوەیەکی نارەزایەتی شەقامەکانی وروژاند. بەپێی پرۆژەکە کە چەند ماددەیەک گۆرانکاری تیا دەکرێت، وە بەم شێوەیە دادگاکان ناچار دەکرێن بە پێی مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی ئیسلام (بەسونی شیعەیەوە) کۆنەپەرستەکان تەمەنی هاوسەرگیری دیاری بکرێت (یەکێک لەمەزهەبە شیعیەکان رێگە دەدات بەهاوسەرگیری کچان لە تەمەنی ٩ ساڵی).بەم شێوەیە بێت مەزهەب چارەنووسی کچان دیاری دەکات، نەک دادگا ویاساکانی دەوڵەت! ئەمە نارەزایەتیەکی کۆمەڵی مەدەنی بەدوایی خۆیدا هێنا. یاسادانەران لە جیاتی بە دوای چارەسەری بنەڕەتیدا بگەڕێن، کەچی کێشەکان ئاڵۆزو قورستر دەکەن و کێشە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان فراونتر دەکەن ودەیانگێڕنەوە بۆدواوە.

**شلێر عەبدولمەجید: چالاکوانی سیاسی وئەندام لەتەحالوفی ١٨٨ ی کوردستان.**



بریاردان لە هاوسەرگیری؛ عەقدێکە بە رەزامەندی هەردوو لایەن دەبێت. لەم عەقددەدا نە شەرع و نە یاسا بونی نییە. پاشان بۆ پێکهێنانی خێزان یاسا بریار دەدات، نەک پەیوەندی ئاین. لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەت یاسا و دەستورەکانی دادەرێژێت، وە بە دەرچەی بنەمای سەرەکی دەزانێ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگە، ولەنێویاندا ئەو دەقە دەستوریانەی کە خێزانی پێ رێک دەخرێت.

لە هەموو دەوڵەتان و کۆمەڵگە مەدەنیەکاندا یاساو دەستوری وڵاتەکەی لەسەر بنەمای یاساو بەڵگەنامە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ دادەرێژێت.

خێزان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆیە، بەشدارە لە پێکهێنانی دامودەزگاکانی دەوڵەت، وە دەوڵەت لایەنی سێهەمە لە پێکهێنانی خێزان. لەبەر ئەوە لە هەموارکردنەوەی یاساکانی باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ لەسەر بنەمای شەرع و مەزاهب، بەڕای ئێمە کۆمەڵێک لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە بۆ ئێستاو داهاتوو وەک:

١-لێکەوتەی دستوری

٢-لێکەوتەی یاسای

٣-لێکەوتەی نێو دەوڵەتی

٤-لێکەوتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی

چونکە تا ئێستا ئەو مدونەیەی دانراوە نەخراوەتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، واتە بریار لەسەر مساوەمەی سیاسی دەدرێت. دەرگا دەکاتەوە بۆ لێک هەڵوەشانی کۆمەڵگە و بڵاوبونەوەی فساد. لەم ڕوانگەیەوە و کۆمەڵێک هۆکاریتر بەردەوام دەبین لە هەوڵدان دژ بە هەموار کردنەوەی ئەم یاسایەی باری کەسێتی لەسەر بنەمای مەزهەب و ئاین گەرایی.

جێی ئاماژەیە کە بزووتنەوەی دژ بەم هەموارکردنەوەیە، تەحالوفێکی دروستکردوە لەخەڵکانی ئازادیخواز ورێکخراوی ژنان ومنداڵان وکۆمەڵگەی مەدەنی لەعیراق وکوردستان. لە ٨ ی ئەم مانگەدا توانیان یەکەم کۆنفرانسی خۆیان لەشاری بەغدا بەڕێوەبەرن، بەئامادەبوونی نزیکەی ٦٠٠ نوێنەر لەسەرتاسەری عیراق. شایانی باسە کە بەنوێنەرایەتی تەحالوفی کوردستان هەریەکە لەبەڕێزان رێزان شێخ دلێر وبەهار مونزیر وتەیان پێشکەشکرد وباسیان لەهەوڵەکانی خەڵکی ئازادیخوازکرد لەکوردستان و لەدەرەوەی کوردستان بۆ وەستانەوە دژ بەم هەموارکردنەوەیە.

# ترامپ چۆن گەڕایەوە کۆشکی سپی؟

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

ترەمپ جارێکی تر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکای بردەوە بووە بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا. لەم هەڵبژاردنەدا هەردوو دۆسیەی ناوخۆی و دەرەکی کە ترەمپ بەدەستیەوە گرت، توانی کامالا هاریس و دیموکراتەکان شکست بدات. پرسی ئابوری و خراپی ژیان و گوزەران یەکێک لە کیشە هەر بناغەیەکانی چینی کرێکار و هاوڵاتیانی ئەمریکا بوو، بەدەستەوە گرتنی ئەم دۆسیەیە لەلایەن ترەمپەوە، وەکو گەورەترین گرفتی ناوخۆیی، نەک هاوڵاتیانی ئەمریکای خۆشخەیاڵ کرد، هاوکات لە گرنگترین کیشەی کۆمەڵگەدا کامالا هاریس و دیموکراتەکانی خستە کەنارەوە... هەروەها پرسی دەرەکی و سیاسەتی ئەمریکا، دۆسیەیەکی تر بوو، کە زۆر زیاتر لە پێشوو توانی کاریگەری لەسەر رای گشتی ئەمریکا دروست بکات... ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی پیشوودا هاوڵاتیان بەپلەی یەکەم و یەکلاکەرەوە زۆتر چاویان لە کیشە ناوخۆییەکان و پرسی ئابوری و ژیان و گوزەران بوو، ئەمجارە پرسی دەرەکی جێگایەکی بەرجەستەتری لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا هەبوو...ئەم دەورەیە نەک دنیا گەواهی دەری شکستی یەک لەدوای ئەمریکا لە گۆشەو کەنارەکانی دنیادا بوو، بەڵکو پەنجەی ریسوایی و تاوانکاری لە ئاستی دنیادا رووی لە ئەمریکا و سیاسەتە شکستخواردووە دەرەکیەکەی بوو. هەردوو جەنگی ئۆکرانیا لە لایەک و جەنگ و داگیرکاری ئیسرائیل لە غەززە و کشانی بەرەو لوبنان... دوو سیە بوون کە راستەوخۆ کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان قورسایی دەکرد و گۆشەیەکی گەورە لە نمایش و کاردانەوەی ئەم جەنگە لەناوخۆی ئەمریکادا، بەتایبەتی لە بزوتنەوەی دژی شەردا، خۆی نمایش دەکرد... بەدەستەوە گرتنی فایلی کۆتاییهێنان بەجەنگ، کە لەژێر سایەی دیموکراتەکاندا گرەکەی فراوانتر و لەدەست دەرچوو دەردەکوت، توانی بەشیکی بەرین لە ئاراستە و بزوتنەوەی دژە شەر بخاتە پشتی خۆی و دیموکراتەکان و نەیارانی ترەمپ شکست بدات. دیموکراتەکان و چوار ساڵی رابردوو ژێر فەرمانرەوایی بایدن و هاریس، نەک هەوڵێک بەڵکو باسێک لەسەر کۆتایی هێنان بە جەنگی ئۆکراین نەبوو، لە جێگای ئەوە دنەدانی ناتۆ و باوەشین کردنی جەنگ بوو. لەبەرامبەر بە داگیرکاری و کوشتاری بێ وێنەو




جینۆسایدی فەلەستینیەکان دوبارە بایدن و دیموکراتەکان بە پاساوی "مافی بەرگری لەخۆکردنی ئیسرائیل" رەوایەتیان بەخشی بەو کوشتار و جینۆسایدە و لەچاوی رای گشتی دنیاوە، دیمکراسی بووە جەلادی ئینسانی ئەم سەردەمە لە گۆشەیەکی گرنگی دنیادا. بانگەواز و بانگەشەی ترەمپ بۆ کۆتایی هێنان بەو دوو جەنگە، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر دەنگدەری ئەمریکی.

ئەو دوو دۆسیەیە "پرسی باشکردنی دۆخی ئابوری لەناوخۆ و کۆتاییهێنان بە جەنگ لە ئاستی دەرەوەدا" لەناو دەیان فایلی کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا، ترەمپی کردەوە بە سەرۆک کۆمار و کۆمارییەکانی بالادەست کرد. ئەوە کە ترەمپ تا چەندە دەتوانێت پابەندی بەڵێنەکانی بێت یان توانای وەڵامدانەوەی بەو پرسانە هەبێت، هیچ لەو راستییە ناگۆرێت، کە ئەم بانگەشانە توانی رای گشتی لە ئەمریکادا فریوبدات و دیموکراتەکان شکست بدات.

دیارە چ ئەزمەی ئابوری و لێکەوتەکانی لەسەر چینی کرێکار و جەماوەری بەش مەینەت و چ جەنگ و جەنگە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ و نیابەتییەکان، لە بنەرەتدا ریشەی لە نیزامی دیلهێنەری سەرمایەدارییدایە. تا ئەو کاتەش نیزامی سەرمایەداری بوونی هەبێت، هەم بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە و بەرهەمهێنەرانی لەلایەکەوە رووبەرووی ستەمی ئابوری و نەبوونی و بیکاری دەبنەوەو لەلایەکی تریشەوە جەمسەری کەمایەتیەک کە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانن، دەست لەهەموو داهات و سامانی مادی کۆمەڵگە گیر دەکەن... بۆ پاراستنی ئەم سامان و سەروەتەو بەرگرتن بە ریژەی روو لەخواری سود و دەچوون لە ئەزمە چارەهەڵنەگرەکانی جەنگ بژاردەیەک و تایبەتمەندییەکی ئەم نیزامەیە. نە کۆمارییەکان و نە دیموکراتەکان و لە هیچ گۆشەیەکی ئەم هەسارەیەدا، نەک ناتوانن دەستبەرداری جەنگ ببن، بەڵکو جەنگ ریگایەک بۆ دەرچوون لە ئەزمە و قەرەبووکردنی قەیران بەدەستەوە دەگیرێت و بەپلەی یەکەمیش لێکەوتەکانی ئەزمە ئابورییەکان دەخەنە سەرشانی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەوە. کەچی لە نائامادەیی و نا ریکخراوی چینی کرێکار و نائامادەیی حزبی چینی کریکار کە بەرژەوەندیەکانی ئەم چینە نوێنەرایەتی بکات، بەناچار و بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی دابەشی سەر باڵەکانی بۆرژوای دەبێت. ئەوەی کە جەماوەری سەدان ملیۆنی لە ئەمریکا و چین و روسیا و هیند و پاکستان و یابان و ... تاد، لە نێوان ئەلتەرناتیفە خراپەکاندا، ناچارن ئەوەیان بکەنە بژاردە کە بەڵێنی کەمترین ئاڵوگۆر لە ژیان و گوزەرانیان دەدات... بەر لەوەی قبوڵکردن و دان نان بەو بژاردە ناچاری و خراپانە بێت، بەرهەمی نەبوونی ئەڵتەرناتیفی واقعی و کارای خۆیەتی.

ترامپ و بایدن و دیمکرات و کۆمارییەکان... سەرباری جیاوازیە روکەش و فریودەرانەکانیان و سەرباری دابەشکردنیان لەلایەن نووسەر و میدیا و ژورنالیزمی نۆکەرەوە بۆ دوو ئاراستە و نوێنەرایەتی دوو هێڵی چەپ و راست، هەموویان کاریان نوێنەرایەتی چینی بۆرژوازی و بەرگری لە پایەکانی نیزامی سەرمایەدارییە، چینی کریکار و بەشی پیشرەوی ئەم چینە گومانێکیان لەوە نییە، کە هەموو باڵ و لابالەکانی بۆرژوازی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە سەراسەری و گشتیەکانی نیزامی سەرمایەداری دەکەن... بەڵام هیشتا بەپێی کار دابەشکردنێکی ناوخۆیی بۆرژوازی بانگەشەی ریفۆرم و باشکردنی ژیان و بەرگرتن بە جەنگ و شەرو شۆر... لەهەر برگەیەکدا بەدەستەوە دەگرن و لەو ریگایەوە ئەم نیزامە ئابدیت دەکەنەوە تا تەمەنی نیزامەکەیان درێژتر و درێژتر و لەهەمان کاتدا مەترسی هەمیشەیی شۆرش، لە خۆیان دوربخەنەوە.

ترەمپ هەڵبژاردنی بردەوە، بەڵام نەک لەبەرامبەر بەچینی کریکار و جەماوەری بێبەشدا، بەڵکو لەبەرامبەر دیموکراتەکان و کاندیداکەیاندا. چینی کریکار و جەماوەری بێبەشیش، کەنوێنەری خۆیان نەبوو، بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و دەنگیان دا بەو کاندیدەی بەڵێنی ریفۆرم و باشکردنی ژیان و گوزەرانی و کۆتاییهێنان بە جەنگە خوێناوییەکانی بەدەستەوە گرت.

جێ بەجێکردنی لانی کەمی ئەو بانگەشانەی ترامپی گیرایەوە کۆشکی سپی، پەیوەندی بە لە ئارادابوونی و ئامادەیی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و بزوتنەوەی دژە شەرەوە هەیە...



# شۆڕشەکان بۆ سەردەمی ئێستا چیمان پێدەڵێن؟

نووسینی: نەجمەدین فارس حەسەن

چەمک و مەهامی شۆڕش، بەپێی ڕەوتی مێژوو، جگە لەوەی تێگەشتن وخواستی جیاوازی بەپێی سەردەمەکانی دیاریکراوە، خواست و ویستی گۆڕانی جیاوازیشی لە خۆگرتووە. یان سپاردویەتیە دەست گروپێکی تر، هەمان هەستی چینایەتی وبەرژەوەندخوازی و خۆپەرستی ڕابردوویان هەبووە. سەرەتای دروست بوونی نارەزایەتی و شۆڕش، بۆ سەرەتای دروست بونی فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی چینایەتی دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوەی هەموو کردارێکی بە ئازارو نایەکسان، پەرچەکردارێکی دژوو پێچەوانەی هەبووە و هەیە. ئەمەش گۆڕانی لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە بەدوای خۆیدا هێناوە. سەردەمی کۆنی گۆڕیوە بۆ سەردەمی نوێ، و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری نوێی بەرهەم هانیووە. گۆڕانی ماددیی مێژوو، چەند فرماسیۆنێکی ئابووری کۆمەڵایەتی جیاوازی بەرهەم هێناوە، تا گەشتووەتە ئێستای سەرمایەداری. کرداری چەوساوەکان و ململانێی چینایەتی لەناو پرۆسەی بەرهەم هێنان و شۆڕشەوە کارەکتەری دروست بوونی هەلومەرجی نوێیە، بەردەوامیش دەبێت تا سیستەمی جیاوازی چینایەتی کۆتاییان دێت.

هۆکاری جیاواز جیاواز ئاگری شۆڕشیان هەڵگیرساندووە لە مێژوودا، هۆکارەکانیش بەپێی سەردەمە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بەڵام داخوازی بۆ یەکسانی وماف و ئازادییەکان، خاڵی هاوبەشی هەموو شۆڕشەکان بووە. بەپێی بڕواو بۆچونی زۆرێک لەبیرمەندانی مێژووە جیاوازەکان و بەپێی سەردەمەکانیان، ڕوودانی شۆڕش بۆ چەند هۆکارێک دەستنیشان دەکەن، ولێکدانەوەی جیاوازیان بۆکردووە.

**بیروبڕوا جیاوازەکان لەمێژوودا لە بارەی ڕودانی شۆڕشەوە:**

ئەفلاتون ٤٠٠ ساڵ پێش زایین، بڕوای وایە، کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی چەوسانەوە وئازاری برسێتی وسەرماو چەندین جۆری ئازاردان دەبێتەوە، ئەگەرسزایەکی ڕەوابوو، ئەوا بەڕووی دەسەڵاتدا شۆڕش بەرپا ناکات، بەڵام ئەگەر زانی قوربانی دەستی زۆرداریە، ئەوا بەتووڕەیییەکی پڕاوپڕ لە هەڵچون وداچون شۆڕش بەرپادەکات، تێدەکۆشێت لەپێناوی ئەوەی خۆی پێی دادپەروەرانەیە. هەموو نارەحەتیەکان تەحەمول دەکات تا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت...

بەپێی بڕوای ئەرستۆ کە خوێندکاری ئەفلاتون بووە، لەهەموو جۆرەکانی حکومەت ودەسەڵاتەکاندا (ئۆلیگارشی، دیموکراسی، ئەرستۆکراسی،....) ، مرۆڤەکان شۆڕش بەرپا ئەکەن لەپێناوی بەدەستهێنانی یەکسانیدا. لەیۆنانی کۆندا بەرزکردنەوەی پەرچەمی ئازادی و یەکسانی داخوازی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی یۆنانیەکان بووە.

لەدوای ئەو سەردەمە سەردەمی ئیسلام دێت، بڕواوبۆچونەکان لە ئیسلامدا لەمەڕ شۆڕش، هەر هاتنە دەرەوەیەک لەماڵ، خۆپیشاندان و ڕژانە سەر شەقامەکان و مەیدانەکانی شار، بەمانای دەربڕینی توڕەیی ونەمانی سەبروپشودرێژی و بەرگەگرتن دێت. بەڵام لەبەرئەوەی ئاینی ئیسلام خۆی بەکۆتا ئاینی ئاسمانی دەزانێت، هەر هەڵسوکەوتێک کە دژ بە حوکم ودەسەڵاتی خەلیفەی مسوڵمانان بکرێت بە ناشەرعی و بەدژی ڕاسپاردەکانی خوای لەقەڵەم دەدەن، و دژی دەوەستنەوەو وەڵامی داخوازیەکانی خەڵک نادەنەوە، وەکو ئەوەی لەمێژووی ئەو دەسەڵاتانەی خەلافەتەکانی ئیسلامدا ڕوویان داوە.

بیریارانی سەدەی حەڤدەو سەدەکانی دواتر تێڕوانینەکانیان جۆراو جۆرن. بۆ نمونە، لەلای جۆن لۆک، مافی بەرەنگاری و شۆڕش، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی ناشەرعی بڕیاری مانەوەی دەدات و جێبەجێ دەکات. واتە ئەگەر دەسەڵات شەرعیەتی هەبوو، پێویست ناکات شۆڕش بەڕویاندا بەرپابکرێت هەتا ئەگەر دڕندەش بێت. شەرعیەت پێدان بەهۆی دەنگی خەڵکەوە دروست دەبێت، وە مەرج نییە هەموو شەرعیەت پێدانێک ڕاست و دروستی و عەدالەتی دەسەڵات پێشان بدات.

باکۆنین، بڕوای وایە ،کۆتایهێنان بە داگیرکاری وکۆمەڵگەی چەوسێنەر، لەڕێگەی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەوە دەبێت، وە کۆتایی نایەت ئەگەر هەموو سەرکردایەتیەکان لە ناوەندەکاندا هەڵنەوەشێتەوە. شۆڕش، هاندانی هەموو شارێک و هەموو گوندێک و هەموو کۆمۆنەکانە، بە بەرپاکردنی جەنگە تایبەتیەکانی خۆیان. لەسەر مرۆڤەکان پێویستە، کەبێجگە لە بەرەنگاریکردنی سوپا کە خاوەنی یەک سەرکردایەتییە، شۆڕش بە هەڵچونە سۆزداریە شۆڕشگێڕانەکە ئەبێتە سەرکەوتنێکی چەسپاوو بێگومان کردن. ئەم بۆچونەی باکۆنین، پشت نابەستێت بە کردەیەکی دیاریکراوی سازدراوی ئامانج ڕوون. کاری خودبەخودی وبەرهەمێکی نادیارو بێ ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە بەپەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی نادیار، ئەمەش بیروکرداری ئانارکیستەکانە، لەهەر کوێیەک بن.

بەبڕوای مارکس، جیاواز لە بۆچونەکانی پێشتر، کاتێک شۆڕش وادەی هات، چینی کرێکار شۆڕش بەرپادەکات، بەرژەوەندی کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕ (بەمانای ئەرک و ئامانجی ڕەوتی ماددی مێژوویی چینی کرێکار بۆ گۆڕانی مێژوویی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیزمی زانستی) ئەکات بەسەرچاوەی خۆی لەوکاتانەدا، هەموو ئەو پێویستیە ماددیانە بەرجەستەو دابین دەکات، کە لە پێناوی چالاکی شۆڕشدایە، بۆ لە ناوبردنی دوژمنەکانی، وە هەموو ئەو سازاندن وپێویستیانە لەبەرچاو دەگرێت، کە پێویستیەکانی ئەو تێکۆشانە پڕدەکاتەوە، بەرەنجامی کارەکانی پاڵی پێوەدەنێت بۆ بەکارهێنانی دوورترین و وردترین بیرووبۆچونی خزمەتکار بەشۆڕش، وە ئەمەش ناچێتە سەر بابەتی توێژینەوەیەکی تیۆوری لە هەمان کاتدا.

دروستترین بۆچوون بۆ بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕش لەم سەردەمەی ئێستادا، بۆچوونی مارکسە، لەبەر ئەوەی وەڵامدەرەوەیەکی گشتگیری بۆ سەرکەوتنی شۆڕش بەئاڕاستەی ڕەوتی ماددی مێژوویی بەرجەستە دەکات لە کۆمەڵگەکاندا، ئالیەتی سەرکەوتنی بەڕوونی پێشانداوە، دژبوونی خۆی بۆ کاری خۆبەخۆی و بێ بەرنامەی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا پێشانداوە. سەرکەوتنی شۆڕشەکان بەندە بە سازاندن وبەرجەستەکردنی پێویستیەکانی هەڵسوڕانی و ئامانجی ڕوون، بەرجەستەکردنی گۆڕانکارییە لە سیستەمی چەوسێنەرانەی پەیوەندی کارو سەرمایە، وپەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی سیستەمی سەرمایەداری. گۆڕانی دەمووچاوێک بەدەمووچاوێکی تر لە هەمان سیستەمدا، شۆڕش نییە، واتای بەرپاکردنی شۆڕش لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بەرجەستەکردنی گۆڕانی پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی چینایەتیە، بەکۆمەڵگەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتی بێ چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان.

**شۆڕشەجیاوازەکان وئەنجامەکانیان لەمێژوودا:**

ئەوانەی لەڕابردوودا بەشۆڕش ناویان هاتووە، هەندێکیان شۆڕشن بەواتای گۆڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری، هەندێکیشیان ماک و ناوەڕۆکی شۆڕشیان پێوە نییە، لەبەرئەوەی گۆڕانی بنەمای ئابووری کۆمەڵایەتی تیایدا ڕوی نەداوە.

یەکێک لەو جوڵانەوانە، ڕوداوی ساڵی ١٢١٥ زاینی ئینگلتەرایە، نارەزایەتی و جوڵانەوەی ئەرستۆکراتەکان بوو دژی مەلیک جۆن. داوایان دەکرد پاشا دان بنێت بە مافی خەڵکیشدا، مەبەستیش لێی زیاتر فراوانکردنی دەسەڵاتی ئەرستۆکراتەکان بوو، وە ئەنجامیشیاندا. واتا سیستەم نەگۆڕا، بەرژەوەندی چینێک سەنتەری جوڵانەوەکە بوو لەناو هەمان فرماسیۆنی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش گۆڕانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئابووری نییە.

لەمێژوودا چەندین شۆڕشی زانستی هەیە، توانیویانە سەرجەمی تێڕوانینەکانی ڕابردوو بەباری ڕووی ڕاستی خۆیدا بگۆڕن. یەکێک لەو شۆڕشە گرنگانە ،شۆڕشی کۆپەرنیکۆس (١٤٧٣-١٥٤٣)زی بوو، بەوەی کە هێنانەخوارەوەی وتەکان بوو لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، ئەوەش بەدەرخستنی ئەو زانستەی کە خۆر بریتیە لە سەنتەر و ناوەندی کۆمەڵەی خۆر، زەوی ئەو ناوەندە نییە، ئەو تیۆرییە گەورەترین شۆڕش بوو لە مێژووی زانست و فەلەک ناسیدا.

جووڵانەوەکانی کرۆمۆیڵ ١٦٦٦ز، دوای لە ناوبردنی پەرلەمان، لە ئینگلترادا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانەی دامەزراند، پێچەوانەی گەڕانەوەی پاشایەتی و لەناوبردن و دەرکردنی خێزانی ستیوارت و گوێزانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ ولیام و ماری ساڵی ١٦٨٨ز. ئەم جۆرەش لە جوڵانەوانە، نەیتوانیوە پەیوەندی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت، ئەم جوڵانەوانەو گۆڕانی سەروچاو، ناچێتە خانەی شۆڕشەوە هەرچەندە لە مێژوودا بەشۆڕش ناوی هاتبێت.

جۆرێکی تری ناونانی جوڵانەوەکان بەشۆڕش، ناوزەدکردنی شۆڕشی ١٧٧٦زی ئەمریکایە. ئەم جوڵانەوەیەی خاوەن سەرمایەو زەویو زارو کۆیلەکان بوو، دژی هەمان چین بوو لە ناو دەسەڵات ودەوڵەتی پاشایەتی ئینگلترادا. ئەم جوڵانەوەیە نەیتوانی باری گرانی ژیانی کۆیلەداری کۆیلەکان لە ئەمریکادا بگۆڕێت. ئەو جوڵانەوەیە نەبووە هۆکاری گۆڕینی فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی، بە فرماسیۆنێکی تر. بەڵکو کۆیلەداری بەردەوام بوو هەتا هەمواری سیازدەی دەستووری ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦٥ز. ئەمەش نەیتوانی لەسەر ئەرزی واقع کۆتایی بە کۆیلەیەتی بهێنێت، تەنها مرەکەبی سەرکاغەز بوو. ئەم جووڵانەوەیە ناتوانیت بەشۆڕشی کۆمەڵایەتی بیچوێنی، تەنها وەکو ڕزگاری نیشتمانی چاولێدەکرێت، واتا تەنها ڕزگاری خاوەن زەوی و سەرمایەکان بوو لەژێر چنگی باج و خەراجی دەوڵەتی پاشایەتی ئینگلیز، هەتا لە دواتریشدا دەوڵەتی کۆمارییانیش دامەزراندبێت.


لەو شۆڕشانەی کە فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی گۆڕی، شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩زی فەڕەنسی بوو، شۆڕشی بۆرژوازی بوو، وەهەڵگری گۆڕانی فکری وئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو. گۆڕانی بنەڕەتی دروستکرد لە پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی وسیاسی، پەیوەندیەکی نوێی چینایەتی سەرمایەداریانەی هێنایە ئاراوە، سەرکەوتنی چینی ناوەند بوو بەسەر پاشاو ئەرستۆکراتەکاندا، کۆتاییان بەکۆیلەی کشتوکاڵیدا هێنا، سیستەمی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی سەرمایەدارانەی چەسپاند، هەروەها بەشۆڕشی نیشتمانی و دێموکراسی دیاری دەکرێت. بەڵام شۆڕشی ١٨٤٨زی فەڕەنسا، بەشداری پرۆلیتاریا بوو، ئەمەش سەرەتای دەستپێکی ڕووبەڕووبونەوەی سەرمایەداران و پرۆلیتاریا بوو، شێوەیەکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە خۆگرتبوو، هەرچەند پرۆلیتاریا سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست نەهێنا، و کۆماری دووەمی بۆرژوازی فەڕەنسای بەرجەستە کرد، بەڵام بوو بە چاوگێک بۆ شۆڕشەکانی

بۆ لاپەڕە 15

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ریبوار حەمە شەریف



# ئەخلاق

## لە لای فەیلەسوفەکان واتاکەی چییە؟

نووسینی: ڕێبوار حەمەشەریف

پێش ئەوەی چەمکی ئەخلاق و وشەی ئەخلاق وەک خۆی شرۆڤە بکرێت، جارێ با لەوە تێبگەین ئەم وشەیە بۆ مرۆڤ ماناکەی چییە !

ڕەنگە کۆی مرۆڤایەتی و کۆی هەموو کۆمەڵگەیەک و هەر داب و نەریتێک و لەهەر ئەدیانێک و هەر گوشەیەکی فکری بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی لە چەمکی ئەخلاقیەت بگەین، هەر یەک بەشێوەیەک و پێناسەیەکی بە جیا لەوی تر وشەی ئەخلاق و چەمکەکانی ئەخلاقمان بۆ شیدەکەنەوە.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە وەک ئێمەی تاکی کورد لێتێگەیشتووین دەکرێت هەر سێ ڕەهەندی بنەڕەتی لە خۆ بگرێت کە لە بنەڕەتدا تاکی مرۆڤی لەسەر بنیاد دەنرێت، ئەویش ئەوەیەکە، پەروەردەبێت لە سەر بنەمای

ڕاستگۆیی.

دەست پاکی .

خیانەت نەکردن.

ڕەوشت بەرزی .

کەواتە / :

مرۆڤی ڕاستگۆ کێ یە؟

هەرکەسێک وەک ئەرکی مرۆڤایەت و هەڵگری هەر ئایدیاو ویستی هەر کردارێک بێت کە بیەوێت وەکو چاکەکاری لە کۆمەڵگەدا کە لەپیشەییەکیدا بیکات، دەبێت سەرەتا، بەئاگاییێت لە درۆ، فریودان (الکذب) نەکردێت، چونکە، درۆکردن دەرگای زۆر فرتوفێڵ دەخاتە سەرپشت و چەمانەوەی زۆر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت وە سەر بۆ زۆر بابەتی تر دەکێشیت.

وردو خاشکرنی و تێکشکاندنی تاک لە ناو کۆمەڵگە لەو چەمکەوە دەستپێدەکات و کەسییەتیش وەک پێناسەیەکی بەهێز بۆ کەسییەتی هەر لەوێوە سەرهەڵدەدات.

ئەی دەست پاکی چییە ؟

دەستپاک بەکەسێک دەوترێت کە لەئیشو کاردا کەپێدەستپێدرێت وەک خۆی بیکات و بەرژەوەندی و هەڵگری سود و چاوی تەماح و ئامانجی پێگەیاندنی خۆی نەبێت لەسەر حسابی کەسانیتر .

ڕەوشت بەرزی چییە؟

هەڵگری هەر ئایدیاکبیت و هەڵگری هەر پەیامێک بێت تۆ لە سەر بناغەی سێ ڕەهەندی هاوبەش کار دەکەیت،

- وتن .

- کردار.

- گوفتار .

ئالێرەوە ... شوناسی کەسییەتی وە دەر دەخرێت کە تا چەندەدە توانیویەتی بونی ئەخلاق لەخویدا بچێنێت و خاوەنی هەڵگری ئەو پەیامەبێت کە دەیەویت وەک خزمەتێک بە کۆمەڵگەی بگەیەێ.

هەر بۆیە من لێرەوە

ڕوون دیدگەیەک لە چەمکی ئەخلاق وە هەر کەسێکیش کە بەناوی فەلسەفەوە دەیەوێت لەو ڕێگەوە خۆی دەربخات و بەناو مێژو وە سەرهەڵدان لە فەلسەفەو نەبونی کەلێنی فەلسەفەی ژیان ناسی بە ناو مرۆڤ دۆستی ، کۆمەڵگەیەک فریو بدات و ئامانجی خۆی بەدەستبهێنێ، بۆیە وەک خۆی و بە زمانی هەڵگری فەلسەفە ئاوڕێک و وەڵامێک لە ئەخلاق ی کەسی فەیلەسوف دەدەینەوە.

ئەویش...

کە واڵتەر ستایس کە لە کتێبی (چەمکی ئەخلاق )دا باس لە ئەخلاق دەکات.

واڵتەر ستایس

چەمکی ئەخلاق:

فەیلەسوفی ئینگلیزی( واڵتەر ستایس)

لە کتێبەدا هەوڵ دەدات کە چەمکی ئەخلاق و بونی ئەخلاقییەت ڕوونتر بکاتەوە وە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە دڕکاوین کە خۆیان هەڵدەواسن بە ئەخلاقداو بەناوی پەیوەستبون بەئەخلاقەوە چین و وە وەڵامی ئەخلاق و ئەو پرسیارە دەداتەوە کە ئایا ئەخلاق ڕێژەیی یە یان ڕەهایە.

ئەوەی لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە جیا دەکاتەوە، دوورکەوتنەوەیەتی لە زمانی ئەکادیمی سەخت. زمانی فەلسەفی سادە بەکاردەهێنێت، جگە لە ڕوونی و ڕوونتر باسی دەکا...

واڵتەر ستایس :

بەناوبانگە بە نووسینەکانی لەسەر فەلسەفە، ئەخلاق، عیرفان، و ئایین، زمان وەک ئایین و عەقڵی مۆدێرن – سۆفیگەری و فەلسەفە – کات و ئەبەدییەت .

بۆ ئەوەی سەرنجی مرۆڤدۆستی ڕەسەنی خۆی (خود) و هەوڵەکانی بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی فەلسەفەی ئەخلاق لەسەر بناغەیەکی تۆکمە لە بەرامبەر ئەو ڕەوتە بەرفراوانانەی ڕێژەگەراییدا کە لە سەدەی بیستەمدا بەرەو فەلسەفە ڕۆیشتوون.

گەشتی ئەم فەیلەسوفە وروژێنەرە کە تێیدا بەردەوامە، بە زمانە فەلسەفییە جوانەکەی، ئەوەی کە فەیلەسوفە گەورە مرۆڤدۆستەکان دەستیان پێکردووە، لە سۆکرات و ئەفلاتونەوە دەستیان پێکردووە، لە ڕێگەی کانت و تۆڵستۆ وە، تا دەگاتە فرۆم، لەو هەوڵدابوون کە بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی تۆکمەی بۆ ئەخلاق .

هەر بۆیە، ستایس چەمکی ئەخلاق دەبەستێتەوە بە پەیمان و ڕاستگۆییەوە وەهەڵگری - هزری بێ درۆ و فریودان - ئەوە دەکاتە پێوەرێک بۆ ئەخلاق لە بونی کەسییەتیدا، دەڵێت مرۆڤ ناتوانیت ئەخلاق لە بنەڕەتدا وەک خۆی پێناسە بکات ئەگەر خاوەنی کردارێکی ڕاستگۆیی نەبێت ڕەوشت لە کردارەوە بەرهەمدەهێنرێت کە خاوەن (وتن/ الکلمە) کە دەڵێت دەبێت وەک خۆی بیچەسپێنێت بە پراکتیکی، ئەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە ناکرێت تۆ بە خەڵک بڵێت ڕەفتارتان با جوابێت و قسەتان با شیرین و نەرمونیان بنوێنیت دەرهەق بە کۆمەڵگە، بەڵام لە کاتێکدا کەسیتیە خۆت ڕەفتار نابەجێ و زمان دڕکاوی و دژوێن فرۆشبن،

کەواتە، چەمکی ئەخلاق بوون واتایەکی قوڵکراوەیی هەیە لە ناو تیوری فەلسەفەیدا، وە وابەستەیە بە پێوەری کەسەکەوە تا کردارە پراکتیکییەکان دەستەبەرکرێن. ناکرێت تۆ کەسایەتیەکی مامۆستابێت و وانەی فەلسەفە بڵێتەوە، بەڵام، لە بنەڕەتدا فاشل و درۆزان و گەندەڵبیت .

کەواتە:

دەبێت ئەو پرسیارە وەڵام بدرێتەوە کە سەنگ و پێوەرێک چییە؟ تا ئێمە "بتوانین بۆ ناسینیەوەی کەسیێتیەک و هەڵکەوتەیەک وەک فەیلەسوف لەو کۆمەڵگەیەدا وە تا چەندە و بە ئەندازیی دروست وە نموونەی ئەم کەساییەتیانە ببێتە جێگەی باوەڕو گوێلێگرتن تا کۆمەڵگە وەک باوەڕپێکراوێک لەسەرکورسی فێرگەو بۆ بەڕێوبەریەتی دابنرێن وە قسە بۆ خەڵک بکەن هەر وەکو وانە و ئومێدێک، بۆ وتنەوە کە شیاو و نەخشەی ئایندەی دوور سنوور و فراوان بیر بۆ بیسەرو و بینەرو خوێنەر دامەزراوبێت .

بەڵام لە کاتێکدا ئەوە ڕوون و ئاشکراش بێت. هەڵگری پەیام هێنەر- لە فەلسەفەو ئاشنابوون لە جیهانی دنیای مۆدێرن خۆی لە بناغەدا خاوەنی هیچ لەوانە نەبێت کە باسامان کرد، ئیتر فەلسەفە لە وتندا چ سودێک دەبێت گەر تەنها هۆنینەوەی مێژووی فەیلەسوفان بێت کە چییان گوتووە.

دەبێت ئێمەش بڵێن بە ئێمە چی کە خۆتان ناتوانن یەک لەو چەمکانە بەکردەوە بچەسپێنن.

# ماڵەکەی شێخ حوسامەدین

نووسینی: کاوان قادر



ئێوارەیەکی کش و ماتە و پاسارییەکانی ئاوایی تاڵان لە ناوچەی قەرەداغ بەرەو هێلانەکانی خۆیان دەگەڕانەوە، دانیشتوانی ئاوایی دێکەیان چۆڵ کردبوو، لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون هەرئێستا نا ئێستا جەیش وجاشەکان بدەن بەسەر ئاواییدا و فەرهودی بکەن، لەسەر بانێژەی یەکێک لەو ماڵە چۆڵانە هەر چاوێکمان کردووە بە چوارو لەخشەی مارومێروو سڵمان ئەکردەوە..

لەدوور ڕا تراکتۆرێک دەرکەوت بەرەو ئاوایی دەهات، ئێمەش کە کۆمەڵێک پێشمەرگەی (حسک) بووین، لە کەمیندا چاوەڕوانی دوا هەناسەکانی ژیانی خۆمان دەکرد، کۆمەڵێکی دابڕاوی جیهێڵراو، بەبێ سەردەستە، مەسئولەکان هەر هەمان ئێوارە بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان بەدزی ئێمەوە بەجێیان هێشتبووین...

تراکتۆرەکە جار بە جارێ لەبەرچاومان وون ئەبوو، بەڵام تا دەهات دەنگی نزیکتر دەبۆوە، وەختێ گەیشتە دامێنی ئاوایی تەنها ژنێکی ڕەشپۆش وشۆفێرەکەی بەسەرەوە بوو، بەهەرچوار دەوری خۆیاندا دەیانڕوانی تا کەسێک پێشوازییان لێ بکات، سەرەتا کەس بەدەمیانەوە نەچوو، پاشان ئێمە یەک یەک و دوو دوو لە دەوریان خڕ بووینەوە، دڵنیابووین کە ڕێیان هەڵەکردووە پێویستیان بە هاوکاریە، ژنەی ڕەشپۆش کە دایکێکی چەماوە بوو پێوەی دیاربوو کە بەدبەختی ڕۆژگار ژیانی هاڕیوە، هەزاران چیرۆک لە چاوانیا دەخوێنرانەوە، تەپوتۆزی ڕێ ڕەنگی عەباو سەرپۆشەکەی گۆڕیبوو بە خاکی، پرسیاری کرد: ــ ڕۆڵەکانم ئێوە پێشمەرگەن؟ منیش دوو کوڕم وەکو ئێوە پێشمەرگەن، بۆ سۆراغی ئەوان هاتووم..

وتمان دایە گیان وەرە جارێ کەمێک بحەوێرەوە ئەو کات بەدڵی خۆت قسەمان بۆ بکە بزانین تۆ کێیت و لە کوێوە هاتویت و چی هێناویتی بۆ ئێرە، کاتێک ماندوێتی ڕەوییەوە هەر دەتوت بەسەر ئاگرەوەیە، بێئۆقرە، بێبڕانەوە دەیوت: بەقوربانتان بم کوڕەکانم پارمەتیم بدەن کوڕەکانی منتان نەدیوە؟ بەخوا بە هەتیوی بەخێوم کردوون، دوو کچیان بەسەرما بەجێهێشت، من و ئەو زەعیفانە لەوەتەی ئەوان ڕۆیشتوون بووین بە پۆڕی خوراو بەدەست موختاری گەرەکەوە... تادەهات لە قسەکردن و هەڵرشتنی دەردەدل و بێچارەیی خۆی ڕانەئەوەستا.

ڕۆژ نەبوو بە کۆمەڵێک جاش و عەسکەرەوە نەیەنە سەرمان، بە بەهانەی ئەوەی کوڕەکانم فیرارن، بۆ چاوباشقالی و سەیر کردنی کچەکان دەهاتنە ماڵەوە، زۆریش ئەترسام شتێک لە کچەکان بکەن ناچاربووم کچەکانم بەرەو سولێمانی بەڕێکرد بۆلای خزمان، بۆ جارێ داهاتوو کە هاتنە ماڵ و کچەکانیان نەبینی، زۆر سوکایەتیان پێکردم، منیش پێموتن ئەزانم کوڕەکانم لە کوێن، وتیان کەواتە وەرە پێشانمانکەوە سوارە لەو سەیارەیا، منیش نەمکرد بە نامەردی و هەتا بەردەمی ماڵی شێخ حسامەدین بردمن، کە باوکی جەلال تاڵەبانی بوو، وتم کوڕەکەی ئەم پیاوە کە ساحێبی ئەم ماڵەیە کوڕەکانمی بردووە لەگەڵ ئەوانە، هەر ئەوەم پێوتن ئیمانیان لەکەلـلەیا نەما و شێت بوون، هەزار جنێوی سوک وسەلیمیان پێوتم، ئیتر بە تەمای ژیانی خۆم نەمام، جا ماڵەکەی شێخ حسامەدین هەرچواردەوری بە قوتکەی عەسکەری، ئەها ئەوانەی وەکو ڕەبایە وان، ئەوەی پێیانکردم بە هیچ کەس نەکراوە، دوایی بردیانم بۆ دەرەوەی شار، عەرزی کوێری خۆم بکەم زۆر ئەترسام وامەزانی لەوێ ئەمکوژن و کەسیش جەنازەکەم نادۆزێتەوە، هەتا ئەودیوی سەیتەرەکە هێنایانم و، بەو شەوە تاریک وتنکۆکە ئەو بێغیرەتانە لەو چۆڵەوانیە لە سەیارەکە دایانبەزانم وفڕێیاندامە چۆڵەوانی یەکەوە، ئیتر دوایی خوای من و ئێوە کردی ئەم سایەق تراکتۆرە یاخوا ماڵەکەی ئاوەدان بێت، لەو چۆلەوانیە فریام کەوت، مەسەلەکەم تێگەیان و پێموت بەڵکو بمبەی بۆ ئەو دێیانە تا سۆراغێکی ئەو دوو کوڕەم بکەم، ئێستاش توخوا ئەگەر کوڕەکانی منتان دیوە و ئەیانناسن بمبەن بۆ لایان..

کابرای تراکتۆرەکەش بۆی سەندەوەو "وتی کاتێ ئەم ئافرەتەم بەو بێ چارەییە لەو چۆڵەوانی یە بینی بەزەییم پیایا هاتەوە بۆسۆراغی کوڕەکانی ویستم یارمەتی بدەم، بەڵکو ئێوەش هەرچی ئەزانن وپێتان ئەکرێ هاوکاری بکەن خێرە...

کاتێک لە ناوەکانیانمان پرسی، کەسێک نەبوو بەو ناوەوە کە بیناسین، وتمان دایە گیان هیچ کەسێک نییە بە ناوی خۆیەوە بێت هەموو ناوێکی موستەعاری بۆ خۆی داناوە، کەس نازانێ ناوەئەسلییەکەی چییە، ئەگەر بچیتە هەر شوێنێک کەس بە ناو ناتوانێت کوڕەکانت بۆ بدۆزێتەوە، بە ڕای ئێمە وەزعی ئێرە زۆر خراپە وهەموو دێکانی ئەم ناوە لە ترسی جاش و عەسکەری چۆڵیان کردوە، ئێمەش کە لێرەین جێماوین و جێیان هێشتووین، باشترە تۆیش بچیتەوە بۆ سلێمانی وئاگاداری کچەکانت بیت، بەرەبەیان، ئەوەی لامانبوو لە خواردن لە پەڕۆیەکا بۆمان پێچایەوە و لەگەڵ تراکتۆرەکەیا هەر شەبەقی ئاواییەکەیان جێهێشت و ئێمەش بەدوای ئەواندا دێکەمان جێهێشت، بەرەو ئێران بەڕێکەوتین و لەوێ کەوتین بەسەر مۆڵگەی هەزاران چیرۆکی دڵتەزێن و ئاشبەتاڵ و بێئومێدیدا.

کاوان قادر

**ئەم بەسەرهاتە بەشێکە لە چیرۆکی ژیانی هاوڕێیەکم کە لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٨٦ دا لەخۆی ڕوویداوە، بە پێویستم زانی بەشێوەیەکی ئەدەبی بینووسمەوە لە هەمان کاتدا ئەو پەیامە بگەیەنم کە بەهەزاران ڕۆڵەی ئەو میللەتە بەناوی کوردایەتییەوە لەسەر سیاسەت و پێشمەرگایەتی سەرو ماڵیان تیاچوو بێ خانەو لانەبوون ئەنفالی نوگرسەلمان کران وماڵ وحاڵیان تەختی زەوی کرا، بەڵام بنەماڵەی مەسئولین و سەرۆک حزبەکان موعەزەز موکەڕەم لەلایەن بەعسەوە پارێزگارییان لێ دەکرا.**

# شەرم دەستە واژەیەکە تەنها ڕوقایم ئەیپۆشێ..؟



شەرم دەستەواژەیەکە
تەنها ڕوقایم
نای پۆشێ
بۆ دەم کوژێ
من هەربو ..خۆم
نان لەباوەشم ناگرم
ئەو ..منداڵە تـۆ ..
نابینێ
دەمی گۆی مەمک
ناگرێ
من بۆ تۆشمە
نان و ئازادی لەکوێ بێ
لەوێ باخچە پڕ لەبون
ولەوێ ژیان
ڕێچکە ئەگرێ
نەفرەت لەجەنگ
دەنگی کۆیلە مشتێ
کۆیلە
خوێن ئەڕێژێ

لەم دەڤەرە
بۆداوای نان
حەدی دارو
حەدی شەق و
حەدی شـەمـشـێـری
هەیە...
تۆنابینێ
چۆن ژان دەنگێ هەڵ
بڕیوە
ئازادی دەست وپێی
سڕە
چۆن خانمان
لەبری بازنگ
کەلەپچە مەچەکی
تەنیوە
زام سەرسوچی کۆڵان
ئەگرێ
گولە چۆن شوێنی
ئەکەوێ

نووسینی: سەلام سەعید

**هونەر و ئەدەب ئەگەر نەتوانێت واقیعیەتی ژیان و گوزەرانی زوربەی کۆمەڵگە، خەبات و تێکۆشان و خولیاکانی بۆ باشتر کردن و جوانکردنی ژیان و ئینسان دۆستی، نیشان بدات، هونەر و ئەدەبی بەرگری لە کەمایەتیەکە، بۆ هێشتنەوەی دۆخی باو... هونەری ڕاستەقینە دژی دۆخی باوە!**



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

بەشی دەهەم

**ئینتەرناسیۆناڵ: ئایا ڕەخنەی ئێوە لە دیموکراسی، هیچ مۆرکێکی دەورانی نییە؟ مەبەستم ئەوەیە، کە ئایا لەڕووی مێژووییەوە، سەرهەڵدانی دیموکراسی وەک ئامرازێک بۆ بەرینکردنەوەی ئازادیی واقیعیی مرۆڤەکان نەبووە، وە یان ئێستا ناتوانێ لە هەندێ کۆمەڵگەدا بەو شێوەیە بێت؟ ئایا ڕەخنەی مارکسیستێکی ئەم سەردەمە لەم بیرکردنەوە و نیزامە، ڕەخنەیەکە لە کۆنبوونی، وە یان لە ناتەبایی هەمیشەیی و بناغەیی ئەو لەگەڵ ئازادیی واقیعیدا؟**

**مەنسوور حیکمەت:** لە هەردووکیان. بە بڕوای من لەم ڕووەوە ڕەخنەی ئێمە لە لیبراڵیزم و دیموکراسی، وەکوو ڕەخنەی ئێمە لە خودی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە. کاتێک کەسی بەرهەمهێن لە وابەستەیی بە زەوی و لەژێر کۆنترۆڵی ئەربابی دەرەبەگ دەردەچێت و دەبێتە "کرێکارێکی ئازاد" کە دەتوانێ ئازادانە هێزی کارەکەی بفرۆشێت، پێشڕەوییەکی مێژووییە. بەڵام هیچ کەس چەمکی "کرێکاری ئازاد"، کە لە واقیعدا بە مانای مرۆڤێکی داماڵراوە لە هەموو جۆرە موڵکییەتێک، کە ناچارە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت، لەگەڵ ئازادیی واقیعیی مرۆڤەکان لە مەیدانی ئابووریدا بەیەک شت دانانێت. پەیدابوونی دیموکراسی و بەرقەراریی کۆمەڵە مافێکی مەدەنی لەسەر بنچینەی پرانسیپە لیبراڵییەکان و پەیدابوونی دەستەواژەی تاک و هاوڵاتی وەکوو بنەمای ڕواڵەتیی بەدەستهێنانی مەشروعییەتی حوکوومەت، پێشڕەوییەکی مێژوویی لە بەرامبەر حوکوومەتە ڕەهاکاندا بوو. بەڵام ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ئازادیی واقیعیدا، لەگەڵ ئەو تیۆرەی کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی بە هەموو تەوەهومات و نارۆشنییەکانییەوە و هەر ئەو کاتە بۆ ئازادیی واقیعی دەیخاتە ڕوو، دواکەوتووانەیە. سۆسیالیزم و دیموکراسی، دوو فیکرەن بەدرێژایی مێژووی سەرمایەداری، شانبەشانی یەکتر وجودیان هەبووە و گەشەیان کردووە. دوو بزووتنەوە لە تەنیشت یەکدا و ناتەبا لەگەڵ یەکتر و بێگومان لە زۆر حاڵەتیشدا تێکەڵ بەیەک. بەم پێیە ڕەخنەی سۆسیالیستی لە دیموکراسی و بەدیلی سۆسیالیستی بۆ دیموکراسی بە ئەندازەی خودی دیموکراسی کۆنە. ڕەخنە جەوهەرییەکانی سۆشیالیزم لە دیموکراسی، کە لە واقیعدا ڕەخنەیە لە تێڕوانین و پێناسەی بۆرژوایی بۆ ئازادی و بۆ دەوڵەت و سەرخانی سیاسی لە سەرمایەداریدا، سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر بە هەمان ڕادەی ئەمڕۆ مەوزوعییەتی هەبووە. ئەو تیۆرەی کە پێی وایە، بەرقەراری دیموکراسی، بەو تێگەیشتنەی کە من لەم باسەدا لەسەر دیموکراسی بەدەستەوەم دا، لە هەندێ کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، هێشتا دەتوانێت هۆیەک بێت بۆ بەرینبوونەوەی ئازادیی مرۆڤەکان، بە بڕوای من تیۆرێکی ساویلکانەیە و دوورە لە هەر ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە. بەو مانایە کە ئازادیخوازی لەم وڵاتانەدا دەداتە دەست خوا (واتە لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە/ و.). ئەمڕۆ ئیتر دیموکراسی کۆمەڵە حوکمێک سەبارەت بە ئازادیی چاپەمەنی و بیروباوەڕ و مامەڵەی باش لەگەڵ کەمایەتییەکان (تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک ئەمانەش بووبێت) نییە، مۆدێلێک نییە کە بتوانرێ دڵخوازانە لە هەموو شوێنێک عەمەلی بکرێتەوە، بەڵکوو ناونیشانێکە بۆ ڕژێمێکی سیاسیی بۆرژوازیی ئەم سەردەمە. ناکرێت خوازیاری دیموکراسی بیت وەکوو ئۆرگانێک و سەرخانێکی سیاسیی پتەو و قایم، وەلێ حوکوومەتی بۆرژوازیت نەوێ. لەبەر ئەمە، ئەوە بۆرژوازی و بەرژەوەندییەکانی ئەوە کە مانای عەمەلیی دیموکراسی و بەشی خەڵکیی کۆمەڵگایەک لە ئازادی لە هەر بارێک و لە هەر دەورەیەکدا دیاری دەکەن. ئەگەر لە جێگایەکدا بۆرژوازی ئیستیبدادی بێت و بایەخێک بۆ مافە فەردی و مەدەنییەکان دانەنێت، کە ئەمە کەم کەم خەریکە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەموو دنیا دەگرێتەوە، ئەوکاتە چاوەڕوانیکردنی بەرینبوونەوەی ئازادی لە ڕێگای دیموکراسییەوە خەڵک و خۆ هەڵخەڵەتاندنە. ئەمڕۆ ئیتر دیموکراسی خۆی وەکوو ئەنتیتێزی فیۆداڵیزم و پاشایەتیی ڕەها و حوکوومەتی دینی ناناسێنێ، بەڵکوو ڕێک و ڕاست قەڵغانی بەرگریی بۆرژوازییە لەبەرامبەر ئازادیخوازیی کرێکار و ئەو کۆمەڵە چاوەڕوانییە ئازادیخوازانەیەی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا ئیلهام لە سۆسیالیزمەوە وەردەگرن.

**درێژەی دەبێت...**

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەی دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# فاروق رەفیق راسترەوێکی کۆنەپارێزی بێ زانست و بێ زانیاری...

نووسینی: عامر سابیر

### یەکەم:

لە 21/9/2024 دا فاروق رەفیق لە سلێمانییەوە چوو بۆ هەولێر بەمەبەستی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی هەفتانە بەناوی (ئەمریکاناسی) لە (ئاڤا تی ڤی). ئەم کەناڵە لە 2019 وەوە دامەزراوە کە رادیۆ و گۆڤاریکیش لەخۆدەگرێ، هی کورە هەرزەکارە بلیۆنێرەکەی مەسرور بارزانییە کە بە دزین و دەستبەسەرداگرتنی داهاتی خەڵکی کوردستان ئەیچەرخێنن. بە هەفتەیەک پێشتر، ئەم کەناڵە پروپاگەندەیەکی زۆری بۆ چوونی فاروق بۆ ئەوێ کرد. لەسەر ئەمە لە سۆشیال میدیاوە خەڵک بەزۆری رەخنەیان لە فاروق گرت و تەنانەت سوکایەتی زۆری پێکرا کە گوایە خۆی فرۆشتووە بە پارتی و دەمی چەورکراوە. رەخنەی من لە فاروق لەم روانگەیەوە نییە، چونکە من پێشتریش هیچ جیاوازییەکم نەبینی لە نێوان دەستبەرزکردنەوەکەی فاروق رەفیق لەسەر گۆری نەوشیروان مستەفا لەگەڵ دەستبەرزکردنەوەکەی پشکۆ نەجمەدین لەسەر گۆری بارزانی. بەڵکو رەخنەی من لەسەر هەندێ لەو دیدگا و بۆچوونە نادروستانەیە کە لە بەرنامەکەیدا کردوویەتی، کە تا ئێستا دە ئەڵقەی لێ بڵاوکردۆتەوە و بەردەوامە.

### دووەم:

فاروق رەفیق هەر بەوەی جار جار لە دژی وتاری کۆنەپەرستانی ئیسلامی لە کوردستان دێتە دەنگ، نابێت بە پێشکەوتووخواز. (تەنانەت لەو کاتانەدا کە فاروق کەوتۆتە بەر تەوهین و هەرەشەی تاقمە ئیسلامییەکانەوە، ئەوە کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی کوردستان لە پێشەوەی بەرگری کردندا بوون لێی و هەر لەم راستایەدا، حیزبی ئێمە (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) بەیانی بۆ بەرگری لەو، لە دژی تەوهین و هەرەشەی رێکخراوە ئیسلامییەکان دەرکردووە.) بەڵکو پووچێتی هەوڵ و کۆنەخوازی فاروق لەوەدایە کە فاشیست و راسترەوەکانی ئەمریکا ئەو کەسانەن کە بە مامۆستای خۆی ئەزانێ و پێیان خۆشحاڵە و کتێبەکانیان ئەخاتە بن هەنگڵی و ئایدیاکانیان شەرح ئەکات و پێشنیار ئەکات کە بیهێنێ بۆ ناسیۆنالیزمی کورد و بۆ ئەم کارە نەزۆکە پووچەشی منەت بەسەر خوێندکارانی زانکۆی ئامادەبووی کۆرەکەیدا ئەکات و ئەیەوێت ئێمە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانیش سوپاسگوزاری بین!

### سێهەم:

فاروق رەفیق خاوەن کەسایەتییەکی جێگیر نییە و بەردەوام لە گۆراندایە. کەسێ خاوەن کەسایەتی ناجێگیر ناتوانێ لە پەیوەندییەکی بەردەوام و جێگیریشدا بێت. بەڵکو میزاجی ئەبێت و بەردەوام لە بەرزی و نزمیدا ئەبێت. وە بۆچوون و تێروانین و دنیابینی کەسانی ئاواش لە پلەی مۆلەقە و لە گۆرانی بەردەوامدایە. هەر بۆیە فاروق سەردەمێک شیوعی بوو، سەردەمێک بەرگریکاری ئیسلامی سیاسی و سەردەمێک لە دژیان، سەردەمێک گۆران و سەردەمێک هاوشانی نەوەی نوێ. سەردەمێک لە کوردستان و ئێستاش لە رێگەی (بەهات حەسیب قەرەداغییەوە کە خۆی لە ئاڤا تی ڤییەوە پیاهەڵدەرێکی باشی دەسەڵاتدارانی هەولێرە)، فاروق رەفیقی بانگهێشتی ئاڤا تی ڤی کردووە و چەند بەرنامە پێشکەش ئەکات و بە شان و باڵی چینی بۆرژوازی ئەمریکادا هەڵئەدات و بێدەنگیشە بەرانبەر بە کارکردی بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و ستەمکاری هەولێر و کوردستان. فاروق گەرچی باسی رەخنە و بیرکردنەوەی رەخنەیی ئەکات، بەڵام خۆی توانای تەحەمولکردنی هیچ رەخنەیەکی نییە. بەردەوام سوکایەتی بەوانە ئەکات کە هاورای نین و بە ئینشانووس و شایەر و ستوننووس و رۆژنامەنووس وەسفیان ئەکات و خۆی بە بیرمەند ئەزانێ. چەند ساڵ لەمەوپێش گوێم لە فاروق بوو کە توانجی لە کەسێک دا کە لە ئەڵمانیاوە رەخنەی لێگرتبوو، وە وتی "کابرا لە ئەڵمانیا دانیشتووە و دلیڤەری پیزە ئەکات و دێت رەخنە لەمن ئەگرێ" فاروق رەفیق پێی وایە ئەگەر کرێکارێک ئیشی دلیڤەری پیزا بکات، ئەوا مافی نییە رەخنە لە بیکارێکی وەک ئەو بگرێ کە تا ئێستا نە لە کەنەدا و نە لە کوردستان نەیتوانیوە ئیشێکی بدۆزێتەوە و کارێک بکات، بەڵکو هەر خەریکی مفتە خۆرییە!

### چوارەم:

فاروق چەند ساڵ لەمەوپێش لە سمینارێکیدا لە سلێمانی کە وابزانم لەسەر فەلسەفەی سیاسی بوو، رەخنەی لە دکتۆر محەمەد کەمال گرت، لەسەر ئەوەی کە لە 2016 دا کتێبێکی (هیگڵ)ی بەناوی (زە فیمینۆلۆجی ئۆف سپیریت-فیمینۆلۆجی هۆش (رۆح)) وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی. فاروق وتی کابرا نەهاتووە کە پرسێک بە ئێمە بکات، کە مەوجودین و هەین و پیاوی مەیدانەکەین! هەر لەوێدا فاروق تەوهین بە دکتۆر محەمەد ئەکات و بەپێکەنینێکی گاڵتەئامێزانەوە وتی حەمە کەمال چووە کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە بۆ رازیکردنی کۆمۆنیستەکانی کوردستان لەخۆی. دیارە مەبەستی ئەو کتێبەی محەمەد کەمال بوو کە بە ناوی (مارکس وەکو فەیلەسوف) بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا بۆچی فاروق پێیوایە کە دکتۆر محەمەد کەمال پێویستی بە رازیکردنی کۆمۆنیستەکانی کوردستان هەیە تا کتێب لەسەر مارکس بنووسێت، وەک ئەوەی کە فاروق توانجی لێ ئەگرێ؟ فاروق لە خۆیەوە سەیرئەکات، چونکە کارەکانی خۆی بۆ رازیکردنی کەسانی ترە، وا ئەزانێ هەموو کەس وەک خۆی وایە. ئەو کتێبەی محەمەد کەمال یەکێکە لە کتێبە باشەکانی و پێویستە هەموو کرێکارێکی سۆشیالیست بیخوێنێتەوە و خۆی پێ ئاشنا بکات. من پێشتریش لە 2020 دا لە وتارێکمدا بەناوی (وەڵامێک بۆ دکتۆر رێبوار فەتاح)(1) باسی ئەم کتێبەی محەمەد کەمالم کردبوو. فاروق رەفیق نە ئیمکان و نە مەعریفەی ئەوەی هەیە، وەنە بەرژەوەندییەکانی رێی پێ ئەدەن کە کتێبێکی باشی وەک ئەوەی محەمەد کەمال بنووسی، بۆیە ناچارە گاڵتەی پێ بکات.

### پێنجەم:

هەر کەناڵێک لەوانەی بە پارەی دزراوی خەڵک ئەچەرخێ، ئەگەر شەهامەتیان هەبێت و مایک بکەنە بەردەم ئەوانەی کە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی هەژارکراوی کوردستانەوە قسە ئەکەن، پێویستە بەکاربهێندرێ و سود لەو هەلە وەربگیرێ. بەڵام بەداخەوە کە فاروق رەفیق نە ماتریاڵی ئەوەیە وە نە توانای ئەوەی هەیە کە لە بەرژەوەندی کرێکاران و هەژارانی کوردستانەوە هیچی هەبێت بیڵێ، بەڵکو ئەو وەک خۆی ئەڵێ کۆنسێرڤەتیڤە، کۆنەپەرستێکە و رەگەزپەرستی لێ ئەبارێ (لە هەولێرەوە تۆمەتە رەیسیستییەکانی ترامپ لە دژی کۆچکردوان دووبارە ئەکاتەوە). ئەو قەڵەم بەدەستێکی کۆنەخوازی بۆرژوازییە کە کۆمەڵگای کوردستان بە کۆمەڵگایەکی چینایەتی نازانێ و پێی وایە مەسعود بارزانی و سەرمایەدارانی هەڵتۆقیوو لەم سی ساڵەدا لەگەڵ کرێکاری کارگوزار تەنها لەبەرئەوەی کە کوردن هەمان چارەنووسیان هەیە. بۆیە ئەڵێ "ئێمە وەک کورد پێویستمان بە ئایدیاڵە". فاروق منەتمان بەسەردا ئەکات و ئەڵێ "بەهرکێکی ئەخلاقی خۆمی ئەزانم کە لە ئەمریکاوە ئەو ئایدیاڵانەتان بۆ بهێنم!"

### شەشەم:

پێشنیارەکەی فاروق واتە هێنانی ئایدیاڵ لە باڵی راست و فاشیزمی ئەمریکاوە بۆ کورد. پێشنیارە بۆ سەرانی بزووتنەوەی داواکەوتووی کوردایەتی و دەسەڵاتە میلیشیایی و ستەمکار و گەندەڵەکەی. فاروق ئەڵێ "ئێمە وەک نەتەوەیەک ناتوانین بێ ئایدیاڵ بژین" فاروق ئەم ئەرکە پووچەی کردۆتە موهیمەی خۆی کە هەر قابلیی ئەوەیە کە سەرانی تاوانبار و دز وتاڵانچی بزووتنەوەی داواکەوتووی کوردایەتی بە بیرمەندی بزووتنەوەکەیان رایگرن. ئەو بزووتنەوەیەی کە ئەوە 34 ساڵە یاری بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە ئەکات و بە سەرکوت و تیرۆر سەروەتی خەڵکی کوردستان ئەمژێ و خەڵکی کوردستانی لە هەژاریدا راگرتووە و کۆمەڵگایان بێ ئیرادە کردووە و دەستیان لەگەڵ دڕندەترین و کۆنەپەرستترین وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا تێکەڵکردووە.

### حەوتەم:

مامۆستاکانی فاروق فاشیستەکانی ئەمریکان:

فاروق گەر چی باسی "بیرکردنەوەی رەخنەییانە" ئەکات، بەڵام خودی خۆی زەحمەت ناکێشێ و رەخنەییانە بیرناکاتەوە. بەڵکو خۆی قەتیس کردووە تەنها لە چوارچێوەی کتێبی چەند نووسەر و رۆژنامەنوس و بیرمەندێکی باڵی راستی بۆرژوازی ئەمریکا و دێت هەندێ لە وتەکانیان بە دەنگێکی زووڵاڵ و باوەڕبوونێکی بێوێنە بە خۆوە، وەک فاکتی راست و یەکلاییکراوە بە ئێمە ئەفرۆشێ. فاروق زوو زوو وشەی (نوقتە) لە دوای کۆمێنتە نادرووست و بێسەروبەرەکانییەوە بەکارئەهێنێ و وەک ئەوەی راستی سەلمێندراوبێ و هیچ مشتوومرێک هەڵنەگرێ، بەیانی ئەکات.

یەکێک لەوکەسانەی فاروق پێی سەرسامە، رۆژنامەنووسێکی میدیۆکەی ئەمریکییە بە ناوی (تەکەر کارلسۆن) کە فاروق لە بەرنامەی یەکەمیدا وەسفی کرد و وتی من بەردەوام موتابەعەی ئەکەم و لە رێگەی ئەوەوە ئاگادارم چی ئەگوزەرێ لە ئەمریکادا. تەکەر کارلسۆن کە میدیاکارێکی باڵی راستی بۆرژوازی ئەمریکایە، ئەم کابرایە لەوکاتەوە بەناوبانگ بوو کە لە سەرەتای ئەمساڵدا (فێبریوەری 2024) چوو بۆ مۆسکۆ و موقابەلەیەکی دوو سەعاتی لەگەڵ سەرۆکی روسیا (ڤلادیمیر پوتین)دا ئەنجامدا. تەکەر لەگەڵ (فۆکس نیوز)دا ئیشی ئەکرد، خاوەنی فۆکس نیوز بلۆینێرێکی ئوسترالییە کە کابرایەکی جووە بەناوی (ریپرت مۆردۆخ)(2) کە لە ئەمریکا و بەریتانیا و ئوسترالیا میدیای زەبەلاحی بەدەستەوەیە و لە ئێنتیخاباتی ئەم سی دەوڵەتەدا مۆردۆخ پشتیوانی کام حیزبەی کردبێ ئەوە بردوویەتیەوە. هەر وەک چۆن هەر رۆژنامەنووسێک لە میدیاکانی پارتیدا ئیش بکات ئەبێت تاعەتی بنەماڵەی بارزانی بکات، ئاواش هەرچی بۆ فۆکس نیوز و میدیاکانی مۆردۆخ ئیش بکات ئەبێت بەرگریکاری سەرسەختی ئیسرائیل بێت و تاعەتی فەرمانەکانی مۆردۆخ بکات. تەکەر کارلسۆن لە مانگی چواری ئەمساڵدا (ئەپریل 2024) بە بێ هیچ هۆکارێکی راگەیەنراو لە فۆکس نیوز دەرکرا و ئێستاش گوایە لەگەڵ ئێکس و ئیلۆن ماسکدا ئیش ئەکات.

ئەوەی نەیهێشت کە لە هەڵبژاردنی ساڵی 2019 ی بەریتانیادا جێرمی کۆربین بیباتەوە، مۆردۆخ و میدیاکانی بوون، کە درۆیان بۆ هەڵبەستی و گوتیان دژی جووە، کە تەنانەت فشاریان بۆ رۆژنامەی (گاردیان) یش هێنا کە دژی کۆربین قسە بکات. لە 1996دا تونی بلێیەر بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بباتەوە، خۆی و هەموو کابینە سێبەرەکەی هاتن بۆ ئوستراڵیا و لە سیدنی ئۆپرا هاوس لە خزمەتی مۆردۆخدا بوون. لە 2007دا کێڤن راد سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئوستراڵیا بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بباتەوە، چوو بۆ نیویۆک بۆ لای مۆردۆخ تا بەڵێنی پێ بدات بە دڵی ئەو بجوڵێتەوە و ئەویش پشتیوانی بردنەوەی بکات. ئەوەی ئەڵێ لە پلورالیزمی بۆرژوازی و دیموکراسییەکەیدا هەموو کەس ئازادە و هەر کەس خاوەنی دەنگێکە. ئەمە قسەیەکی پووچە، هەرگیز دەنگی مۆردۆخ و دەنگی کرێکارێک وەک یەک نییە.

### هەشتەم:

فاروق لەم بەرنامەیەشیدا لە ئاڤا تی ڤی هەر

وەک پیشەی هەمیشەیی کە لە زۆربەی کۆڕو سمینارەکانیدا دووبارەی ئەکاتەوە، کەوتەوە درۆ هەڵبەستن بۆ کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی سۆشیالیست. کەوتە درۆهەڵبەستن بۆ چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی. هێرشە نادروستەکانی ئەم پیاوە بێ مەعریفەیە لە دژی مارکس و ئەوانەی لە میتۆدی مارکسەوە دنیائەبینن، تۆمەت هەڵبەستنەکانی فاروق لەدژی کۆمۆنیزم و چەپ و کۆمۆنیستەکان، ئەگەر بەرهەمی نائاگایی و ناهۆشیاریی نەبێت، ئەوا بەرهەمی چەواشەکاری و بەرژەوەندخوازێتی. هێرشە بێبنەماکانی فاروق بۆ سەر کۆمۆنیزم و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی بەدوورە لە فاکتی مێژوویی و ڕوداوی واقعی. درۆکانی فاروق زیاتر لەوەی بەیانی بۆچوونی بێت بۆ دروستکردنی ئارگیومێنتێکی عەقڵانی، زیاتر بۆ ڕازیکردنی بەرپرسانی کەناڵەکە و حاسڵکردنی کرێکەی دێتە بەرچاو. تۆمەتە بێبنەماکانی لە دژی مارکس و ئەوانەی بە میتۆدی مارکس بیرئەکەنەوە، لە دەربرینی کۆنە قین ئەکات وەک لەوەی پشتی بە فاکت و لۆژیک بەستبێ. فاروق لە ڕابردوودا ئەژی و ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئەمریکا نییە، بەتایبەت ئەوەی کە چی ڕوویداوە بەدوای بزووتنەوەی (ئۆکیوپای وۆڵ ستریت) لە 2011دا. بەندە لە وتارێکدا کە لە 28/7/2021 دا نووسراوە، بەناوی "گۆشەیەکی پرشنگدار لە مێژووی چینی کرێکاری ئەمریکا (3)" کە لینکەکەی لە خوارەوەیە، باسی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەم کردووە.

فاروق دێت لە 2024دا درۆکانی دەورانی جەنگی ساردی مامۆستاکەی و قەڵەم بەدەستانی تری باڵی ڕاستی دەسەڵاتدارانی ئەمریکامان بۆ دووبارە ئەکاتەوە و بە فاکت پێمان ئەفرۆشێ؟ کەسێک بە واقع ئەکادیمیست بێت، کەسێک میکانیکیانە دیاردەکان نەبینێ، کەسێک ئیعتیبار بۆ کەسایەتی خۆی قایلبێت، وەک فاروق درۆ بەڕاست پیشان نادات. ئەم بەڕێزە زۆر ساویلکانە پێی وایە کە هەرچی لە کتێبی ئەو کەسانەی بە مامۆستای خۆی ئەزانێ، نووسرابێت، ئیتر فاکتە و مشتوومڕ هەڵناگرێ.

فاروق قەڵسە بەو کەسانەی کە ئەڵێن "بە ڕای من". فاروق قەشمەری پێ دێ وئەڵێ من ڕای تۆم بۆ چییە، بڕۆ بۆ حەلاوی باسکە. فاروق ئەڵێ ئەبێت کتێبی باش بخوێنیتەوە، ئایدیات هەبێ. خۆزگە فاروق خاوەن ڕای خۆی بوایە، نەک درۆی بچوکی قەڵەمبەدەستانی باڵی ڕاستی ئەمریکا کە لە دەورانی جەنگی ساردا کردوویانە، سەدانجار گەورەتر بکاتەوە و بە فاکت بە گوێگرانی بفرۆشێ.

## نۆیەم:

فاروق ئەڵێ کۆمۆنیزم خوێنی لێ ئەچۆڕێ و بووتە هۆی کوشتنی 200 ملیۆن ئینسان! ئایا فاروق کە گاڵتەی بە (ڕا) دێت و باوەڕی بە کتێبە، ئایا ئەتوانێ پێمان بڵێ لە کام کتێبدا و بەپێی کام بەڵگە و کام لێکۆڵینەوەی پشتڕاسکراوە ئەم تۆمە هەڵئەبەستی و ئاوا بێشەرمانە بەردەوام دووبارەی ئەکاتەوە؟ هیچ کەس لەوانەی کە فاروق بە پێشەنگی خۆی ئەزانێ، هەرچەندە ڕاست و دژی کۆمۆنیزم بێت، بۆ پاراستنی ئیعتیباری خۆی جورئەتی ئەوە ناکات کە درۆی ئاوا بڵاوبکاتەوە. بەڵکو لە جیاتی درۆی گەورەی وەک ئەمەی فاروق و بۆ ئەوەی تاوان و کوشتارە بە کۆمەڵەکانی سەرمایەداری لە زیهنی خەڵکدا کاڵ بکەنەوە، ئەڵێن لە سایەی کۆمۆنیزمدا بە ملیۆنان کوژراوە. بەڵام فاروق ئەیکات بە 200 ملیۆن.

من لە وتارێکی پێشومدا لە 2/10/2022دا بە ناوی "یەکەم پەرتووک کە من نووسیم(4)" لە زاری (ڕیچارد وۆلف)ەوە وەڵامم بەم درۆیەی فاروق داوەتەوە، کە لینکەکەی لە خوارەوە دانراوە. لەخوارەوەی ئەو وتارەدا لینکی دوو ڤیدیۆی یوتیووبی تیایە، بەهیوای خوێنەر بتوانێ لانی کەم گوێگری ئەوەی یەکەمیان بێ کە دیبەیتێکە بە ناونیشانی (ئایا سۆشیالیزم یان سەرمایەداری پەسەندترە)، کە لە نێوان (ڕیچارد وۆلف و جین ئیپستین) دا کراوە لە هۆڵی سۆهۆ لە نیویۆرک.

## دەیەم:

فاروقی خۆ بەزلزان و ناوەرۆک بۆش ئەڵێت "ڕۆژگارێک کۆمۆنیزم ئایدیاڵی ڕۆشنبیرانی کورد بووە. کۆمۆنیزم یەکێک لە ستەمکارترین ئایدیلۆجیاکانە. کۆمۆنیزم هەرە ترسناکترین ئایدۆلۆژیای دژ بە مرۆڤایەتی بوو، تەقریبەن دوو سەد ملیۆن ئینسانی لەناوبردووە، ئەمە ناتوانێ ئایدیاڵ بێت، ئەمە ناتواندرێ دەستی پیوە بگیرێ، ئەمە ناتوانی ڕێنماییمان بکات". هەروەها ئەپرسێ "ئایا ئەمریکا ئیمپریالیزمە وەک ئەوەی چەپەکان سەد ساڵە ئەم ئاوازە ئەچڕن؟" هەروەها لەسەر ئەوەی ئەمریکا ئیمپریالیزمە یان نا، لە کۆتایی ئەڵقی دووەمی بەرنامەی (ئەمریکاناسی) یەکەیدا ئەڵێ "چەپەکان کێشەی عەقڵیان هەیە، ئەوانە ناتوانن ڕەخنەییانە بیربکەنەوە". هەروەها بەردەوام ئەبێ و ئەڵێ "لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوغز و کینەیەکی زۆر هەیە دژ بە ئەمریکا، کە لە لایەن ئیسلامییەکان و چەپەکانەوە ئاڕاستە کراوە، ئەمە وای کردووە کە وێنەیەکی شێوێنراو دەربارەی ئەمریکا دروست بێت و ئەڵێ ئەرکی مەعریفی و ئەخلاقی منە کە ئەو وێنە شێواوە ڕاستبکەمەوە".

ئەوەی کە فاروق چەپ و ئیسلامی ئەکاتە یەک بەرەوە، جێگەی سەرسوڕمان نییە، چونکە پێدەچێت ئەو عەوداڵی ئەوە بێت کە سەرانی کوردایەتی بە بیرمەندی بزووتنەوەکەیان قبوڵی بکەن و بەرنامەی پووچی لەمجۆرەی بۆ برەخسێنن و کرێی ئەم چەواشەکاری و درۆ هەڵبەستنانەشی، ئەوە ئەخوازێ کە ئاوا بپەیڤێ. تەنها کەسی بیر کۆڵ و بەرژەوەندخوازە کە هۆکاری بێزراوی ئەمریکا و توورەیی خەڵک لێی، لە کارکرد و ملهوڕی و شەڕ و گەمارۆ و بەڕێوەبردنی کودەتا و پیلانگێڕی لە سیاسیەتی دەرەوەی ئەمریکادا نابینێتەوە و هۆکارەکەی بە شێواندنی وێنەکەی ئەزانێ.

فاروق لە بەرنامەی ڕۆژی 3ی نۆڤەمبەری 2024 دا وتی "هەر سیستەمێک باسی لەناوبردنی موڵکی شەخسی کرد، ئەوەی کە تۆ موڵکی شەخسیت نەبێت، وەکو کۆمۆنیزم، ئەمە ستەمکارییە، ئەمە فۆرمێکە لە ستەمکاری، وە شیوعییەتیش یەکێکە لە خراپترین ڕژێمەکانی حکومڕانی کە خەیاڵی بەشەر بۆی چووبێ، نوقتە، تەواو. بۆ؟ لەبەرئەوەی لەسەر ئەساسی مەحفکردنەوەی خاوەندارێتی شەخسییە، کە ئەمە پێچەوانەی تەبیعەتی بەشەرییەتە، نوقتە". فاروق بەردەوام ئەبێت و ئەڵێ "ئۆکەی، غەریبە لە 2024 دا تازە ئێمە خەریکی کۆمۆنیزم بین، ئەبوایە ئەمە ئێمە هەموو بیزانین، بەتایبەتی دوای کەوتنی شیوعییەت، وا نییە؟ دوای 200 ساڵ لەخوێن، ئەزانی شیوعییەت بەرپرسیارە لە کوشتنی 200 ملیۆن ئینسان لە چینەوە بۆ ڕوسیا و بۆ عێراق و بۆ ئەمریکای لاتین و، ئەمریکای لاتینی داغان کرد، بەشێک لە ئەورووپای داغان کرد، ئەزانن؟". فاروق درێژەی پێئەداو ئەڵێ "واو واو واو واو، تازە خەڵکێک هەیە لای ئێمە دروشمی مارکسیزم و لینینیزم بەرزئەکاتەوە. ئۆکەی ئەوە ئەبێت قسەی ترمان هەبێت و کوڕی تری بۆ بگرین، بەس زۆر ناخۆشە لە 2024 داخەریکی ئەمە بیت، ئەبوایە وازمان بهێنایە، وامانزانی وازمان لێهێناوە. کەچی نا وازمان لێ نەهێناوە".

ئایا بە ڕاست فاروق ڕەفیق هێندە بێ مەعریفەیە کە نازانێ جیاوازی هەیە لە نێوان خاوەندارێتی شەخسی و خاوەندارێتی تایبەتی، وا لە جێگای یەکتر بەکاریان ئەهێنێ؟ یان ئەم درۆیەشی بۆ یەیداکردنی نانی ڕۆژێتی! با لەوە بگەڕێین کە مارکس هەرگیز زاراوەی خاوەندارێتی شەخسی بەکار نەهێناوە، بەڵکو باسی هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی کردووە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر وەک فاروق ئەڵێ کۆمۆنیزم تەواوبووە، ئیتر فاروق بۆ ئاوا توورەیە و ناڕەحەتە و کەوتۆتە هاوارکردن؟

ڕاستی مەسەلەکە و واقعی ژیان ئەوەیە کە لە هەر شوێنێک، لە کوردستان، لە ئەمریکا یان لە هەر سوچێکی ئەم دنیایەدا کە نایەکسانی هەبوو، کۆمۆنیزم پرسێکی زیندووە. وە هیچ کاتێک لە مێژووی ڕابردووی بەشەرییەتدا، چی لە ئەمریکا و چی لە کوردستانیش نایەکسانی و قڵشتی چینایەتی، هەرگیز هێندەی ئێستا فراوان نەبووە. ئەوە بۆیە فاروق ئاوا گڕی گرتووە و کەوتۆتە درۆ هەڵبەستن.

## یازدەیەم:

فاروق ڕەفیق پێشتریش لە 2009 دا ئەو قسەیەی کە گوایە مارکس کردبووی "من مارکسی نیم" بە مەبەستەوە شێواندبووی و ئەنجامگیرییەکی چەواشەکارانەی لێ هەڵهێنجابوو. لە کاتی خۆیدا بەندە بە وتارێک بە ناوی "دوو سەرنج لەسەر قسەکانی فاروق ڕەفیق لە کەناڵی کوردسات(5)" وەڵامم دابۆوە، کە لینکەکەی لە خوارەوەیە و خوێندنەوەی لە ئێستادا کۆمەک دەکات تا زیاتر لە ماهیەتی بۆچوونی فاروق تێبگەین.

## دوازدەیەم:

ئەگەر چی حیزبی کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لە ئەمریکادا دوو دیوی یەکدراون و جیاوازی نێوانیان لە موو باریکترە. بەڵام فاروق کە باسی دیموکراتەکان ئەکات، ئەوان بە مارکسی و کۆمۆنیست و بەرەی چەپ وەسف ئەکات. دۆناڵد ترامپیش یەکێک لەو چەکی هێرشانەی بۆ سەردیموکراتەکان بەکاری ئەهێنا ئەوە بوو کە بە (کامڵە هاریس)ی ئەوت ئەمە مارکسییە، وە لەکاتی دیبەیتەکەیاندا کە لە 10ی سێپتەمبەری 2024 دا ئەنجامدرا، ترامپ چەند جارێک ئەمەی وەک جوێن بۆ هاریس بەکار هێناو وتی کە مارکسییە. ئەوەی بۆ من ڕوون نییە ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی فاروق باوەڕی وایە کە مارکسییەکانی ئەمریکا دیموکراتەکانن، یان مەعریفەی ڕێگای نادا کە ڕاستییەکان ببینێ و ئەوەی ترامپ وتی لای ئەمیش ڕاستییە!

فاروق چونکە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئەمریکا نییە و هەر گیرۆدەی باسی هەندێ لە ڕەگەزپەرست و ڕاستەکانی ئەمریکا بووە، وا ئەزانێ سەردەم هەر سەردەمی جەنگی سارد و پێش ساڵی 2011 دیە، فاروق نازانێ کە ئێستا لە ئەمریکاشدا مارکسی بوون و کۆمۆنیست بوون شانازییە و جوێنێکە کە کڕیاری نییە لە ئێستادا.

لە ساڵی 2017 دا ئەندامێکی حیزبی دیموکراتیک سۆشیالیست ئۆف ئەمەریکا (دی ئێس ئەی) لە هەڵبژاردنێکی لۆکاڵی شاری نیویۆرکدا، کانید ئەبێت، لە موقابەلەیەکیدا لەگەڵ بەرنامەی (ئیکۆنۆمیک ئەپەدیت) پرسیاری ئەوەی لێ کرا کە چۆن بوو لە هەڵبژاردندا سەرکەوت. ئەندامەکەی (دی ئێس ئەی) وتی گومانی تیا نییە کە کەمپینێکی سەرکەوتوومان بەڕێوە برد، بەڵام ئەوەی کە زیاتر بە سەرکەوتنی گەیانم ئەوە بوو کە کاندیدی حیزبی کۆمارییەکان ڕەسمێکی منی لەگەڵ مارکس و ئەنگڵس و لینین پێکەوە بڵاوکردەوە و گەیاندیانە سندوقپۆستی هەموو دەنگدەران ولەسەریان نووسی بوو کە دەنگدان بەمن دەنگدانە بە مارکس و کۆمۆنیزم. ئەو لە چاوپێکەوتنەدا وتی من هەر نەمزانی کۆمۆنیزم چییە و مارکس کێیە، تەنها ناوی بێرنی ساندەرم بیستبوو کە سۆشیالیستە، وتی بەڵام ئەو وێنە بڵاوکردنەوەیە یارمەتیدەرێکی باشم بوو کە دەنگی یەکەم بەدەستبهێنم.

## سیازدەیەم:

فاروق لە ئەڵقەی دووەمی بەرنامەکەیدا ئەڵێ ناتۆ بلفیعل ڕۆژگارێک حیلفێکی حەزاری (شارستانی) بوو، چونکە دژ بە کۆمۆنیزم بوو، لەبەر ئەوەی کۆمۆنیزم کارەسات بوو، ستەمکارییە کۆمۆنیزم. ئەم ترامپیستە هیچ ڕەخنەیەک ناگرێ لەوەی کە ترامپ دوای دۆڕانی لە هەڵبژاردنی 2020 دا هەزاران چەکبەدەستی نازی و ڕاسیستی ناردە سەر کۆنگرێس و کوشتاریان دەستپێکرد، بەڵام لە ترامپ زیاتر باوەڕی وایە کە لە هەڵبژاردنی 2020 دا ترامپ بردییەوە، بەڵام ئیستابلیشمێنت فێڵیان لێ کرد و بایدنیان دامەزراند!

لە لای فاروق تەنانەت سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش (دەبلیو هێچ ئۆ) کۆمۆنیستێکی حەبەشی بەڕێوەی ئەبات و دەسخۆشانە لە ترامپ ئەکات کە دوای سەرکەوتنی لە دەورەی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا کۆمەکی ئەمریکای بۆ ئەو ڕێکخراوە بڕی!

فاروق هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ئەمریکا بە پاساوی درۆ لە 2003 دا هێرشی کردە سەر عێراق و سەدان هەزاری کوشت و هەموو کۆمەڵگای خاپور کرد، بەڵکو تەنها گلەیی لە ئەمریکا ئەوەیە کە کەسێکیان ناردووە بۆ عێراق (بریمەر) کە هیچ مەعلوماتێکی لەسەر ناوچەکە نەبووە!

کۆلن پاوڵ کە لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشدا وەزیری دەرەوە بوو، وە چووە نەتەوە یەکگرتووەکان و بە پاساوی درۆ و هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژ کەیسی بۆ لێدانی عێراق داتاشی. ئەوە چەندین ساڵە پەشیمان بۆتەوە و ئەڵێ ئەو ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانمە و وەک مۆتەکەی ژیانمە و لەکۆڵم نابێتەوە. کەچی فاروق ئێستاش پاش ئەوەی کە ڕوویدا هیچ باکی بەو کوشتارگایە نییە کە ئەمریکا خوڵقاندی، بەس موشکیلەی ئەوەیە کە کەسێکی شارەزایان نەناردووە!

## چواردەیەم:

فاروق و

حکومەتی سنوردار،

فاروق لە ئەڵقەی چواردا، بەرنامەی ڕۆژی 20/10/2024دا ستایشی دەستوری ئەمریکا ئەکات و ئەڵێ حکومەت ئەبێت سنوردار بێت، ئەڵێ دەستوری ئەمریکا فەراهەمی حکومەتێکی سنوردار ئەکات. (هەر لەم ڕاستایەشدا فاروق سوکایەتی بە گەنجانی کوردستان ئەکات وئەڵێت لێرە گەنجان ئەڵێن ئەبێت حکومەت ژنمان بۆ بهێنێ. فاروق لە جیاتی ئەوەی ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی کوردستان بگرێت کە بۆچی هەرچی هەیە ئەیدزن و بەشی خەڵک نادەن، دێت و گاڵتە بە گەنجان ئەکات). بەڵام با بزانین ئایا لە ئەمریکا و هەموو وڵاتانی سەرمایەداریدا، بۆ چینی بۆرژوازی حکومەت سنوردارە؟ نەخێر حکومەت سۆشیالیزمە بۆ بلوێنێرەکان و ماڵوێرانییە بۆ کرێکاران. ترامپ لە دەورەی یەکەمیدا و بایدنیش بەدوای ئەودا، سەرەتایترین مەبدەئی سەرمایەداریەکەیان کردە ژێر پێوە و بە هەموو هێزەوە هەموو حکومەتیان کردە پشتیوانی بلوێنێرەکان و داسەپاندنی باج لە بەرگری ئەواندا. لە هەموو قەیرانەکانی سەرمایەداریدا، بۆ نمونە لە ساڵی 2000 و 2008 و لە قەیرانی کۆڤیددا، حکومەت بە هەموو توانای خۆیەوە چووە پشتی کۆمپانیای بلوێنێرەکان ولەسەر داهاتی گشتی پارەیان دا بە کۆمپاکانیاکان بە بیانووی ئەوەی (توو بیگ تو فەیڵ)(6) ، وە بەدەیان تریلیۆن دۆلاریان چاپ کرد کە کەوتە گیرفانی بلوێنێرەکانەوە و زۆر لەوان لە ساڵی 2020 ەوە سەروەتەکەیان دوو قات و سێ قات کردووە. ئەمە لە کاتێکدا کرێکاران بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی کەم کرێکانیان بچێتە سەرەوە ناچارن خۆپیشاندان بکەن و مانبگرن، تا بتوانن بەرگەی گرانی و هەڵئاوسان بگرن.

## پاردەهەم:

ئەمریکا کۆمەڵگای چینایەتی یان خێڵ:

ئەمریکا لە دیدی فاروقدا کۆمەڵگایەکی چینایەتی نییە، بەڵکو خێڵێکی بچوکە هەموو تاکەکانی وەک یەک بیر ئەکەنەوە. باسەکەی فاروق (ئەمریکاناسی)یە. فاروق کە باسی ئەمریکا ئەکات هەر ئەڵێی باسی خێڵی بارزانییەکان ئەکات. لای فاروق ئەمریکاش خاڵییە لە چین و لە بەرژەوەندی جیاوازی چیینە کۆمەڵایەتییەکان. لای فاروق ئەمریکا کۆمارێکی دەستوورییە و بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە! لای فاروق ئەمریکا یەکێکە لە سەنتەرە گەورەکانی جیهان ئەگەر تاکە سەنتەر نەبێت. لای فاروق تێگەیشتن لە ئەمریکا، تێگەیشتنە لە پرۆژەیەکی گەورە کە پرۆژەی مۆدێرنەتییە و ئاخرین قەڵایە کە گوایە تا ئێستا ماوەتەوە!. لای فاروق ئەمریکا بارکراوە بە کۆمەڵێک ئایدیاڵی گەورە، کۆمەڵێک پرۆژەی گەورە و ئەڵێ پێویستە کە ئێمە وەک کورد لە ئەمریکا تێبگەین. لای فاروق ئەمریکا هەر وڵاتێک یان جوگرافیایەک نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی ژیاری گەورەیە کە سکپڕە بە کۆمەڵێک ئایدیا و بەئەرکی خۆی ئەزانێ کە گوایە وەک باحسێکی کورد باسی ئەمریکامان بۆ بکات! فاروقی کۆنەخواز و ڕاستڕەو ئەڵێ ئەمریکا بەرهەمی دەستوورێکە کە ئەوە 250 ساڵە ئیش ئەکات و بەشان و باڵی باوکانی دامەزرێنەری دەستوری ئەمریکادا هەڵئدات. فاروق پێ لەهەوایە و واقعییەتی ئێستا نابینێ و چەند چەمکێکی ناڕۆشنی ناو دەستووری ئەمریکا لە چەشنی (ئازادی، یەکسانی، بەختەوەری) وڕ و سەرخۆشی کردووە. بە بۆچوونی سەقەتی فاروق "خەونی ئەمریکی" بریتییە لەوەی کە هەر کەس ئازادە کە عەوداڵی ئازادی و یەکسانی، وە لەهەمووی گرینگتر بەختەوەری بێت! وە ئەڵێ "دەستوری ئەمریکا موعجیزەیە" و هەموو ئەمانەی بۆ دانیشتوان دابین کردووە.

## شازدەهەم:

بالێرەدا هەندێ ڕاستی سەلمێندراو بخەینە ڕوو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ناڕاستیانەی فاروق بە فاکت پێمان ئەفرۆشێ.

بەپێی داتای ڕەسمی حکومەتی ئەمریکا لە ساڵی 2023 دا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس، وە بە دیاریکراوی (582,462) کەس بێخانەولانەن و شەوانە لەسەر جادەکان ئەخەون. ئیتر بەختەوەری چی؟

ئەگەر لە ئەمریکا ئازادی هەیە، بۆچی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، سەرۆکی حیزبی سۆشیالیستی ئەمریکا (یوجین ڤیکتۆر دێبس)(7) دەساڵ حوکمدرا و پاش سێ ساڵ لە زیندان جا ئازاد کرا. ئەو ڕابەرە سۆشیالیستە زیندانیکرابوو تەنها لەبەرئەوەی دژی شەڕ بوو، وە لە وتارێکیدا لە ساڵی 1917 دا لە (ئۆهایۆ) ڕەخنەی لە ئەمریکا گرت کە پەیوەستببوە بە شەڕەکەوە و داوی لە کرێکاران کردبوو کە بەشداری شەڕ نەکەن. ئەوەی شایانی باسە لە هەڵبژاردنی ساڵی 1920 دا (یوجین ڤیکتۆر دێبس) لە کاتێکدا لە زینداندایە، خۆی کاندید ئەکات بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا و نزیک بە یەک ملیۆن دەنگ ئەهێنێ، لەوکاتەدا کە دانیشتوانی ئەمریکا نزیک بە چارەکێکی ئێستا بووە؟

ئەگەر لە ئەمریکادا ئازادی فەراهەمە بۆچی لە ساڵی 1945 ەوە بۆ ساڵی 2011 تەنانەت بەکارهێنانی وشەی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم قەدەغەکرابوو لە ئەمریکادا؟ وە لەسەر کۆمۆنیستبوون، دەیانیان تیرۆر کرد، سەدانیان زیندانی کرد، وە هەزارانیان بێ ئیش کرد؟ هەروەک لە وتاری (گۆشەیەکی پرشنگدار لە مێژووی چینی کرێکاری ئەمریکا)دا باسکراوە کە لینکەکەی لەخوارەوە دانراوە.

ئەگەر لە ئەمریکا ئازادی هەیە بۆچی (جولیان ئەسانج) کە ڕۆژنامەنووسێکی ئوسترالییە و تەنها لەبەرئەوەی لە (ویکیلیکس) دا گۆشەیەکی زۆر بچووکی تاوانەکانی سوپای ئەمریکای لە عێراق و ئەفغانستان بڵاوکردەوە، فشاریان بۆ وڵاتانی تر هێنا و 12 ساڵ لە بەریتانیادا زیندانیان کرد و ویستیان بیبەنەوە بۆ ئەمریکا و 170 ساڵ زیندانی بدەن بە تەنگەدا، بە بیانووی ئەوەی کە گوایە ئەمنی قەومی ئەمریکای خستۆتە خەتەرەوە؟ وە سەرانی سی ئای ئەی بە ئاشکرا وتیان ئەگەر نەدرێتەوە بە ئەمریکا ئەوا ئەبێت هەوڵبدرێ تیرۆربکرێ و بکوژرێ؟

ئایا فاروق بۆچی لە (ئەمریکاناسی)دا دوو ئاڵای ئەمریکای هاوشانی خۆی داناوە، یەکێک گەورە و یەکێک بچوک! ئەگەر فاروق و پارتی شانازی بەو ئاڵایەوە ئەکەن، ئەوا چینی کرێکاری کوردستان لە شەڕ و گەمارۆی ئابووری و هەژاری و ماڵوێرانی زیاتری لەو ئاڵایە نەبینییەوە. فاروق ژمارەی کوژراوەکانمان بۆ ئەژمێرێ، بەڵام باسی دڕندەیی ئەمریکا ناکات کە تاکە وڵاتی دنیایە کە چەکی ئەتۆمی بەکارهێناوە و لە چەند چرکەیەکدا دوو شاری گەورەی یابانی کردە خۆڵەمێش.

شۆڕشی فەرەنسا (1789) گەورەترین و پڕ تەئسیرترین شۆڕشی بۆرژوازی بوو. شیعارەکانی (ئازادی، یەکسانی، برایەتی-کە لە جێگەی دیموکراسی ئێستایە) بوو. بەڵام بۆرژوازی پابەند نەبوو بە شیعارەکانی خۆی و هیچی بەدی نەهێنا، بۆیە کارڵ مارکس شۆڕشگێڕێک بوو کە تا وزەی تیابوو خەباتی کرد بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستی. شیعارەکانی شۆڕشی ئەمریکاش (1775-1783) (کە ئەمەی ئەمریکا شۆڕشێکی لۆکەڵی بوو لە چاو شۆڕشی فەرەنسادا) شیعارەکانی بریتی بوو لە ئازادی، یەکسانی و بەختەوەری. مەگەر تەنها ترامپیستێکی نەزانی وەک ئەم فاروقە باوەڕی وابێت کە ئێستا لە ئەمریکادا ئەو شتانە فەراهەمە بۆ چینی کرێکاری ئەمریکا! بۆ چینی بۆرژوازی وشە بریقەدارەکانی نێو دەستور هەر بۆ جوانییە و وەک بەڵێنەکانی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانیانە.

لە کاتێکدا شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 بەرپاکرا بە ڕابەرایەتی لینین. یەکەم کار کە کردیان لە شەڕی یەکەمی جیهانی هاتنە دەرەوە و داوای وەستانی شەڕیان کرد. یەکسەر هەرچی بەڵگەنامەی نهێنی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی هەبوو بڵاویان کردەوە و بە جیهانیان ڕاگەیاند، کە لە نێویاندا ڕێکەوتنی سایکس-بیکۆش هەبوو. بەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەمریکا و سێ دەوڵەتی ئیمپریالیستی تر هێزی سەربازیان ناردە سەر خاکی روسیا و تا ساڵی 1922 مانەوە بۆ بەشکستهێنانی ئەو شۆڕشە. ئایا کێ ستەمکار و ئینسانکوژە، سۆشیالیزم یان سەرمایەداری؟

کە شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس لە 1871دا بەرپاکرا، ژمارەی کوژراوەکان لە پەنجەکانی دەست تێنەپەڕین. بەڵام کاتێک بۆرژوازی فەرەنسا و پروسیا هێرشیان کردە سەر کۆمۆنارەکان، دەستیان لە کەس نەپاراست و بە پێی داتاکانی خۆیان بیست هەزار بۆ سیوپێنج هەزاریان خەڵتانی خوێن کرد، تەنانەت ئەوانەی بە نهێنیش لە پاریس چوونەدەرەوە، گرتیانن و تیربارانیان کردن. کێ ستەمکار و خوێنڕێژە، کۆمۆنیزم یان سەرمایەداری؟

لە جەنگی جیهانی دووەمدا ڕۆزەڤێلت و چێرچڵ هاوپەیمانی ستالین بوون و لە ئەمریکادا پول دروست کرا بە کەلە سەری ستالین و ڕۆزەڤێلت پێکەوە. بەڵام کە شەڕ تەواوئەبێت لە ئەمریکادا کۆمۆنیستەکان بە سیخوڕی سۆڤێت تاوانبار ئەکەن و ئەکەونە کوشتن و زیندانیکردنیان. کێ ستەمکارە، کۆمۆنیستەکان یان سەرمایەداری؟

ئەمریکا و سەرمایەدارییەکەی لەسەر ستەمکاری دامەزراوە و دەیان ملیۆن لە دانیشتوانی ئەسڵیان کوشت. لە ئێستاشدا کە ڕێژەی دانیشتوانی ئەسڵی 1.7٪، بەڵام ڕێژەی زیندانیکراوەکانیان 8 . 3٪ کێ ستەمکارە؟ سەرمایەداری یان کۆمۆنیزم؟

لاوس یەکەم وڵاتی جیهانە کە زۆرترین بۆمبی ئەمریکای پیادا دراوە، زیاتر لە ڤێتنام و زیاتر لە عێراق. کە پار ساڵ هێنری کیسینجەر مرد، ناوی کەوتەوە ناو ناوان و بە قەسابی خەڵکی ئاسیای شەرقی وەسفکرا و بە داهێنەری تێرمی (کارپێت بۆمینگ) واتە (واتە داپۆشینی زەوی وەک فەرش بە بۆمب، کە هیچ سانیمەترێک نەمابێ بۆمبێکی بەرنەکەوتبێ) ناوزەد کرا، کە ئەم بۆمبارانەی ئەمریکا لە ساڵی 1965 ەوە تا ساڵی 1973ی خایاند، کە سەدان هەزاری تیادا کوژرا. نەوشیروان مستەفا چەندە کۆمۆنیست بوو، (پۆل پۆت)یش هەر ئەوەندە. فاروق ڕەفیق باسی تاوانەکانی پۆل پۆت ئەکات، بەڵام باسی تاوانەکانی کیسینجەر و ئەمریکا ناکات! کێ ستەمکارە کۆمۆنیزم یان سەرمایەداری؟

ئەندەنووسیا بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر ڕکێفی یەکییەتی سۆڤییەتەوە، ئەمریکا لە ساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا پشتیوانی دیکتاتۆر (حاجی محەمەد سۆهارتۆ)ی کرد کە جەنەراڵێکی عەسکەری بوو، سۆهارتۆ بە چەک و جبەخانەی ئەمریکا کەوتە کوشتنی کۆمۆنیستەکان و ژمارەی قوربانییەکانی بە نیو ملیۆن بۆ یەک ملیۆن مەزەندە دەکرێت و هەرچی کۆمۆنیست و سۆشیالیست و هەڵسوراوی کرێکاری هەبوو کوشت و لەناویانی برد. کێ ستەمکارە؟ کۆمۆنیزم یان سەرمایەداری؟

بە هەزاران نموونەی تر هەیە کە دڕندەیی و ستەمکاری ئەمریکا و سیستەمی سەرمایەداری پێشان بدات، بەڵام لێرەدا بۆ ئەم وتارە لە ژماردنیان ئەوەستم.

## تێبێنی:

1

**لینکی وتاری (وەڵامێک بۆ دکتۆر ڕێبوار فەتاح) لە ماڵپەڕی ئەمرۆدا**

https://emrro.com/welamekbodiktorr.htm

2

Rupert Murdoch

3

**لینکی وتاری (گۆشەیەکی پرشنگدار لە مێژووی چینی کرێکاری ئەمریکا) کە لە ماڵپەڕی ئەمرۆدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها ئەم وتارە، کاتی خۆی لە ژمارە 19ی بڵاوکراوەی دەنگی کرێکاردا بڵاوکراوەتەوە.**

https://emrro.com/gosheyekipirshingdar.htm

4

**لینکی وتاری یەکەم پەرتووک کە من نووسیم**

https://emrro.com/yekempertukkeminnusim.htm

5

**لینکی وتاری "دوو سەرنج لەسەر قسەکانی فاروق ڕیفیق لە کەناڵی کوردسات، کە لە 25/5/2009دا نووسراوە:**

https://www.emrro.com/duserincleser.htm


6

Too big to fail

7

Eugene Victor Debs (1855-1926)

14/11/2024



**عەلی محەمەد ئەمین: لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، کە زۆرێکیان لە لایەن حوکمڕانە دیکتاتۆرەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، هەڵبژاردن تەنها نمایشێکی ڕیاکارانەیەو بۆ ئارایشتکردنی سیستمی حوکمڕانی بەکاردەهێنرێ و بۆ خۆ سازاندنە لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری جیهانی...**

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەلی محەمەد ئەمین سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و لێکەوتەکانی...

**بۆپێشەوە: لە (٢٠) ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، چۆن دەڕواننە شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەو ئاکامەکانی؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** هەروەک ئێمەومانان پێشبینیمان دەکرد، لە زۆرکات و شوێنی تریش دا ئاماژەمان پێداوە، کە هەڵبژاردن لەم کات وساتەدا لە هەرێمی کوردستان دا بە پوختی و بێ گەندەڵکاری بەڕێوە ناچێت، لەبەر ئەوەی لایەنە سیاسییە باڵادەستەکانی کوردستان هەریەک لە لای خۆیەوە هەوڵی دەستێوەردان لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن دەدەن، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەمەش پێویستیان بەلایەنی دەرەکی بێت هاریکاریان بکات، دیارە ئەو هاریکاریەش هەر بۆ باڵادەستبوونی ئەمانە نییە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەش بە دووی بەرژەوەندی خۆیان دا دەگەڕێن، بەتایبەت کە هەریەک لەم هێزانە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لەخزمەت بەو دەوڵەتانەدا، و بەپێی بەرژەوەندی ئەوان دەجوڵێنەوە... سەبارەت بە دیزاین و دابەشکردنی پێشوەختەی دەنگەکانیش زۆر باس لەوە دەکرێت کە تورکیاو ئێران دەستیان لەو گەندەڵکاریەدا هەبووە، بەڕای من هەر یەک لەم لایەنانە ئەگەر ئەمەش نەکرایە بە هەڵبژاردنێک ڕازی نەدەبوون کە دەرنەچن و بەشی شێری دەنگەکانیان پێ نەبڕێ، خۆ ئەگەر کەمیشیان بهێنایە ئەوابە ئەنجامەکان ڕازی نەدەبوون و بە ئاسانی دەستیان لەو جێ و مەقامە سیاسی و ئابورییە هەڵنەدەگرت، کە ساڵەهای ساڵە قۆرغیانکردووە...

**بۆپێشەوە: تابەر لە هەڵبژاردنەکان سەرجەم لایەنە سیاسیە بەشدارەکان بانگەوازی خەڵکیان دەکردو بەڵێنیان بە خەڵک دەدا، کە ڕێگەی ساختەکاری بەستراوەو کەس ناتوانێت ساختەکاری بکات، بەڵام لەگەڵ دەرچوونی ئاکامە بەراییەکان، هەموو ئەو لایەنانەی دەنگی کەمیان هێناوە، دەڵێن ساختەکاری کراوەو جیهازەکان هاک کراون، دەنگی خۆیان بۆ هەژمار نەکراوە، لایەنی دەرەکی دەسکاری ئاکامەکانی کردووە، دیزاینی پێشوەختە کراوەو ... تاد لەو بارەیەوە دەڵێن چی ؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** لەڕاستیدا لە کاتێک دا بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن دراو بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی کرد تا ڕادەیەک ئەم دوو هێزە بەرچاوڕوون بوون لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان و دڵنیابوون لەوەی کە ژمارەیەکی زیاد لە دەنگیان مسۆگەرە، بەڵام نەک هەر ئەم دوو لایەنە، ئەوانی دیکەش، بەتایبەت ئەوانەشی کە خۆ بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، هەندێکیان غافڵگیربوون لە دەستێوەردانی دەرەکی و بەتایبەتتر لە هەژمونی یەکێتی و پارتی، هەندێکیشیان پێیان وابوو دەتوانن دەنگێکی زۆری ناڕازی و سەرشەقام بەلای خۆیان دا بهێنن، بەڕای من، ئەگەرچی دەشێ هەندێ خەڵکییش بە درووشمی باق و بریق و بانگەشەی چەواشەکار فریوی خواردبێ، بەڵام دەنگی زیاد و کەم لەنێو ئەم لایەنانەدا خۆیان دابەش بوو، ئەبێ ئەوەش بڵێین سەرەڕای ئەو هات وهاوارەش کەدەکرا بۆ پاک و پوختی هەڵبژاردنەکەو یاساو ڕێساکانی و کۆمسیۆنی بێ لایەن و... تاد ڕێژەی بایکۆت ودەنگ نەدان و سوتاندنی دەنگەکانیش کەم نەبوو...

**بەرنامەی کاری ئەم هێزە باڵادەستانە ڕۆشنەو لە ماوەی زیاتر لە (٣٠) ساڵ دا، جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیەکانی خۆیان و قەڵەمڕەوی خۆسەپێنەریان لە کوردستان دا و قۆرغکردنی بازاڕو هەموو جومگە سەرەکییەکانی ژیان و گوزەران، کارێکیان نەکردووە، کە پێشبینی داهاتوویەکی ڕۆشنیان لێ بکرێ و ئەمە جگە لەوەی کە ئەمانە هەر یەکەیان پابەندی ئەم و ئەو دەوڵەتی کۆنەپەرست و دیکتاتۆری ناوچەکەن...**

**بۆپێشەوە: ئێستا هەڵبژاردن تەواو بوو، ئەم هەڵبژاردنە چ گۆڕانکارییەک بەسەر دۆخی سیاسی کوردستان و ژیان و گوزەرانی چینی کرێکارو جەماوەری بەشمەینەت دەهێنێ؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** هەڵبژاردن لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان دا، بەتایبەت لە وڵاتە هەرە دیموکراتەکان دا ، کە هەردەم بانگەشەی مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان دەکەن ، گۆڕانکاری بەرچاوو کاریگەر لە ژیان و گوزەرانی خەڵک دا بە گشتی بەدی ناهێنن، چوونکە ئەوانەی بەشداری هەڵبژاردن دەبن و کاندیدەکانیان دەخەنە ڕوو، دەسڕۆشتوون لەڕووی سیاسی ئابوریەوە، ئەم کاندیدانەش لەسەرەوە دائەنرێن و هەر چوارساڵ جارێک بە دەم و چاوی دیکە دەگۆڕێن و تا ئەو ماوەیە تەواو دەبێ هەرچی بکەن و نەیکەن، ناهێنرێنە خوارەوەو لێپێچینەوەیان لێ ناکرێ و لەسەر پێشێلکاری مافەکانی هاوڵاتیان و گەندەڵکاری سزایان نادرێ، هەروەها دەستورو یاساو ڕێسایەک هەیە کە نابێ و ناکرێ ئەو پەرلەمنتارو دەسەڵاتە بەحساب هەڵبژێردراوانە لێی دەرچن و بڕیارو کارەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی سیستمی حوکمڕانی دا پێچەوانە بێت...

ئەمە لەم وڵاتانەدا، لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، کە زۆرێکیان لە لایەن حوکمڕانە دیکتاتۆرەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، هەڵبژاردن تەنها نمایشێکی ڕیاکارانەیەو بۆ ئارایشتکردنی سیستمی حوکمڕانی بەکاردەهێنرێ و بۆ خۆ سازاندنە لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری جیهانی و هەوڵدانە بۆ فریودان و لەخشتەبردنی خەڵک، بەوەی کە دەسەڵاتداران پابەندن بە سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، کە لە ڕاستی دا ئەگەر دەم و چاوەکانیش بگۆڕدرێن هەمان سیاسەتی حوکمڕانی بەڕێوە دەچێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی سەرمایەداران و خاوەن میلیشیاو هێزە چەکدارەکان و تەنانەت هێزو لایەنە ئیقلیمیەکانی ناوچەکە...

نەخێر، بەم شێوازو ڕێگایە لەباری ئێستادا ئەم گۆڕانکاریانە بەدی نایەت، کە نان و کارو ئازادی بۆ ئینسانەکان فەراهەم بکات و یەکسانی لەنێوان ژن و پیاوو نەتەوەکان دا بەدی بهێنێت، چونکە وەک هەموو لایەکیش دەزانین، کە بەرنامەی کاری ئەم هێزە باڵادەستانە ڕۆشنەو لە ماوەی زیاتر لە ( ٣٠) ساڵ دا، جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیەکانی خۆیان و قەڵەمڕەوی خۆسەپێنەریان لە کوردستان دا و قۆرغکردنی بازاڕو هەموو جومگە سەرەکییەکانی ژیان و گوزەران، کارێکیان نەکردووە، کە پێشبینی داهاتوویەکی ڕۆشنیان لێ بکرێ و ئەمە جگە لەوەی کە ئەمانە هەر یەکەیان پابەندی ئەم و ئەو دەوڵەتی کۆنەپەرست و دیکتاتۆری ناوچەکەن...

ئەگەر هەندێک چاوەڕوانی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو سیستمی دارایی و داهاتیان لێ دەکا و پێیانوایە دەستور دەنووسنەوە و خۆیان دەکەنە ژمارە لەسیستمی سیاسی و ئابوری جیهانی دا، بەڕای من ئەم هێزانەی کوردستان نەخۆیان ئەوانەیان دەوێ، نەهێزو لایەنە دەرەکیەکانیش ڕێگایان پێ ئەدەن قەوارەیەکی سیاسی خاوەن دەستورو یاساو ڕێسا و سوپای یەکگرتوو پێکبهێنن، چونکە هەموان لەم بازاڕە شێواوەدا بەتەنگ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیانەوەن، نەبەرژەوەندی گەل و بەتایبەت خەڵکی بەشمەینەت و بێ دەرەتان، گریمان لەژێر هەندێ فشاریش دا ئەگەر وایان کرد، ئەوا لەکاتی تەنگانەیان دا خۆیان دەستورو یاساو ڕێسا پێشێل دەکەن و هێزی پێشمەگەو کوردستان لەیەکتری دەترازێنن.

**ئەگەر هەندێك چاوەڕوانی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو سیستمی دارایی و داهاتیان لێ دەکا و پێیانوایە دەستور دەنووسنەوە و خۆیان دەکەنە ژمارە لەسیستمی سیاسی و ئابوری جیهانی دا، بەڕای من ئەم هێزانەی کوردستان نەخۆیان ئەوانەیان دەوێ، نەهێزو لایەنە دەرەکیەکانیش ڕێگایان پێ ئەدەن قەوارەیەکی سیاسی خاوەن دەستورو یاساو ڕێسا و سوپای یەکگرتوو پێکبهێنن...**

لەلایەکی تریشەوە لە نێو ئەم لایەنانەی تریش دا کە بەشداربوون ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن بەرنامەی جدی و ڕۆشن و بەهێزو جێگای هیوا نییە کە چاوەڕێی گۆڕانی بارودۆخەکەی لێ بکرێ، کە لە خزمەتی خەڵکی ستەمدیدەو

بۆ لاپەڕە 15

## درێژەی... دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەرو ڕۆژنامەنووس عەلی محەمەد ئەمین ...

زۆرلێکراوان دابێت.

**بۆ پێشەوە: ئەگەر هەڵبژاردن ناتوانێت ببێتە مایەی گۆڕانکاری و ڕێگایەک بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، چینی کرێکارو جەماوەری بێ بەش دەبێ چ ڕێگایەک بۆ گۆڕانکاری و ژیانێکی باشتر لە موچەو خزمەتگوزاریەکانەوە بۆ ماف و ئازادیەکان بگرنەبەر؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** پێش هەموو شتێک دەبێ خەڵکی کوردستان چین و توێژە ستەملێکراوەکان فریوی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ڕێی هەڵبژاردنەوە نەخۆن لەبەر زۆرێک لەو هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێداو دیسانەوە متمانەی خۆیان نەدەنە دەسەڵاتدارانێک کە نەک جارێ، دەیان جار تاقیان کردووەتەوە و ئەوەی لێیان بینراوە تەنها دەسبەسەراگرتنی داهات و سەروەت و سامانی کوردستان و شەڕو برسێتی و نەهامەتی یە، خەڵکی کوردستان، بەمامۆستاو موچەخۆرو و کرێکارو جوتیارو لاوانی بێکارو دانەمەزراوو تەنانەت زۆرێک لەوانەشی کە لەنێو ئەم حیزب و لایەنانەدا ڕیزبەستوون، نابێ ئەو ساڵ و ڕۆژانەیان لەبیر بچێتەوە کەدەنگی ناڕەزایەتیان بەستەم و ستەمکاری کپ دەکراو جگە لە تانەو تەشەر، ڕووبەڕوی ترس و تۆقاندن دەبوونەوە. دەبێ ئەم خەڵکە بەرینە مکوڕ و جدی بن لەسەر درێژەدان بە ناڕەزایەتیەکانیان بەرامبەر بەو ستەمانەی لێیان دەکرێ و هەوڵبدەن بەدوای بەرنامەو داواکاری ڕۆشن دا ڕێ بکەن و بەهەر شێوازێ بۆیان دەکرێ خۆیان ڕێکبخەن و یەکگرتووبن وبۆ پشتگیری ئەم لایەن یا ئەو لایەن بەرژەوەندی خۆیان بکەنە سەنگی مەحەک و فریوی هیچ گفت و پەیمان و بانگەشەی چەواشەکارانە نەخۆن...

**بۆپێشەوە: هێزولایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەم جارەش بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد، ئایا بایکۆتکردن بە قازانجی چەپ و کۆمۆنیستەکانە، ناکرێت چەپ و کۆمۆنیستەکانیش بەشداری هەڵبژاردن بکەن هەروەک بەلشەفیەکان بەشداریان کردووە؟**

**عەلی محەمەد ئەمین:** بەڕای من سەرەڕای پێناسەی گشتی هەڵبژاردن و سەرەڕای ئەو توانا سنوردارەی کەپەرلەمان لەم وڵاتانەدا هەیانە، بەشداری کردن یا نەکردن دەبێ بەپێی بارودۆخی دیاریکراوبێت، لایەنی گۆڕانخوازی ڕاستەقینەو جدی، چەپ و کۆمۆنیستەکان سوێند ناخۆن لە هەر ئان و زەمینەیەک دا هەڵبژاردن هەبوو بەشداری نەکەن، دیارە دەبێ تاووتوێی بارودۆخی هەڵبژاردن و چۆنێتی پرۆسەکەو توانای هێزە نەیارەکان و توانای خۆیان و بارودۆخی نێودەوڵەتی و ... تاد بکەن، ئەو کات بڕیاری خۆبدەن بەشداربن یان نا، لە کوردستانی خۆشمان دا کە ساڵانێکە دوولایەنی سەرەکی قۆرغی هەموو جومگە سەرەکییەکانی ژیان و گوزەرانیان کردووە و خاوەن هێزو دەسەڵاتن و هەردوو بەدوای بەرژەوەندی حیزبی تاکڕەوانەی خۆیانەوەن و لەناو ئۆپۆزسیۆنیش دا، هێزێکی وانییە کە پێشبینی گۆڕانکاری دڵخوازی لێ بکرێ، هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانیش وەک پێویست نەیان توانیوە ڕابەڕایەتی ناڕەزایەتی بەرفراوانی خەڵک بکەن و خۆبە هێزو ڕێکخراوو یەکگرتووبکەن و، لەڕووی پشتیوانی نێودەوڵەتیشەوە نەیارەکانیان بەهرەمەندن لە پشتیوانی بەردەوام، جێگای نیگەرانیشە کە هوشیاری هەمەلایەنەی خەڵکیش، تەنانەت خەڵکی ناڕازیش لەو ڕادەیەدا نییە کە فریوی دروشمی باق و بریقی نەتەوەیی لایەنە دەسەڵاتدارەکان و حیزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکان نەخۆن، لە هەل و مەرجێکی وادا ئەگەر بەشداریش بکەن سەرکەوتنێکی کاریگەر بەدەست ناهێنن و تەنانەت ئەگەر تاک و تەرایەکیشیان بچێتە پەرلەمان ناتوانێت بە قازانجی خەڵکی ستەملێکراو کاریگەریەکی بەرچاو دانێت، بگرە خۆی و هێزەکەشی ڕووبەڕوی بێ متمانەیی دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکان بەو شێوە نەبوو یا پێچەوانەبوو، لانی کەم ئەم هێزانەی کە ئاماژەمان پێدا، هەریەک یا وەک بەرەیەکی بەهێزو یەکگرتوو، ئەوا دەشێ بەشداری پرۆسەکە بکەن و پەرلەمان وەک سەکۆیەک بۆ ڕووبەڕوی سیاسەتی نەیارەکانیان بەکاربهێنن یان هەندێ داواکاری خەڵکی ستەملکراو بەمەبەستی جێبەجێکردن بسەپێنن، بەو مەرجەی پشت نەکەنە شێوازەکانی تری خەبات و بەرەنگاری، بەتایبەت ناڕەزایەتیەکانی شەقام پەراوێز نەخەن ...

## درێژەی...شۆڕشەکان بۆ سەردەمی ئێستا چیمان پێدەڵێن؟

تری ئەورووپا، وبەرجەستەکردنی بەشێک لە مافەکانی مرۆڤی بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر بەیان کردوو شیعاری ئازادی وبرایەتی و دادوەری بەیان دەکرد. ئەم شۆڕشەش زۆرتر لایەنداری مرۆڤانەو کۆمەڵایەتیانەی پێشان دەدات. شۆڕشی ١٧٨٩زی شکڵی شۆڕشێکی گەلیانەی لەخۆگرتبوو بەکاریگەری وهاندانی بیری بۆرژوازیانەی بۆرژوازی، بەڵام ئەوەی ١٨٤٨زی ململانێیەکی چینایەتیانەی لەخۆگرتبوو.

بەڵام جیاواز لە شۆڕشەکانی تر، لەسەردەمی هاتنە ئارای سەرمایەداری شۆڕشێکی چینایەتی پرۆلیتاریای فەڕەنسی ساڵی ١٨٧١زی بوو، بەکۆمۆنەی پاریس ناسراوە ، تەمەنی لە نێوان ١٨ئازار بۆ ٢٨ئایار ی ١٨٧١زی درێژەی کێشا، یەکەم حکومەتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار بوو. لەوکاتەدا ئەم شۆڕشەش نەبووە گۆڕانکاری و گوێزانەوەی سیستەمی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، ئەگەر ئەمەش بەهۆکاری کەمی تەمەنی و فرەیی لە ڕاوبۆچونی جیاوازی ناو کۆمۆنارەکان، ولەلایەکی تریش گەمارۆو پیلان گێڕانی دەوڵەتانی ئەوروپا دژی کۆمۆنەی پاریس لەترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی خۆیان، تەمەنێکی کورتی بەڕێکرد. بەڵام وەرچەرخانێکی گەورەی لەسەر ئاستی ئەورووپاو جیهان خولقاند، بووە هۆکاری ئەوەی وڵاتانی ئەوروپا باشتر مامەڵە لەگەڵ کرێکاراندا بکەن لەڕووی ماف وکرێکانیانەوە.

**ماویەتی...**

## درێژەی دوا وتە

هەندێک برگەو لەسەر چەند پرسێکدا، دەتوانن بەهرەبەرداری بکەن، لەوەش زیاتر هێز و مانەوە و زەمینەی ململانێیان لەگەڵ یەکتری بەندە بە مانەوەی ناکۆکیەکانیانەوە.

هەموو ئەو پرسانەی لە بەرنامەی سەردانەکەی سودانیدا هاتوون، لە دۆخێکدا دەچنە پیشەوە، کە سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، لە بەرامبەر بە هیزە سیاسیە باڵادەستەکان و حکومەتی ناوەندیدا، ڕوو لە پاشەکشەیەکی بەردەوامدان. بەشیکی سەرەکی لە ململانێ و ئەزمەی نیوان پارتی و یەکێتی ریشەی لە داڕمانی ئەو باڵانسە داروخاو و پاشەکشەیەدایە. تەنانەت خۆ بەدەستەوەدان و قیبلە گۆرینیان بەرەو بەغداش، نەبۆتە دەروازە بۆ بەرگرتن بەو پاشەکشەیە. لەوانەش زیاتر خەڵکی کوردستان لە ململانێی نیوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدادا، هیندەی لایەنگری لە حکومەت و دەسەڵاتی بەغدا دەکەن و حەقانیەتی پێدەدەن، نیو ئەوەندە بەرگری لە یەکێتی و پارتی و دەسەڵات و بانگەشەکانیان ناکەن... ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی قەبارەی ئەو ئەزمەییەی توشی بوون فراوانتر و قوڵتر و بێچارەسەر بێت. ئەگەر باسی پرسی بودجەو موچەیە... ئەوا رای گشتی خەڵکی کوردستان، دەسەڵاتی هەرێم بە پابەند نەبوون بە ڕیکەوتنامەکان، لە رادەستکردنی داهاتی ناوخۆیی داهاتی فرۆشی نەوت و .... دەزانن. ئەگەر پرسی هەناردەکردنەوەی نەوتە دیسان خەڵکی کوردستان، نەوت بەوێنەی بەڵایەک دەبینین لەژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا، چونکە لەجیاتی ئەوەی باری قورسی ئابوریان سوک بکات، دەیانخاتە ژێر قەرزی قورسەوە... هەر ئێستا سەرانی هەرێم دەڵین بەهۆی راگرتنی فرۆشی نەوتەوە لە دوو ساڵی رابردودا زیاد لە ٢٠ ملیار زیان بە ئابوری گەیشتووە، کەچی نزیک بە دەساڵ لە فرۆشتنی نەوی نزیک بە ٣٠ ملیار خەڵکی کوردستانیان خستە ژێر قەرزەوە، ئەوە بەجیا لەوەی تا ئیستا رۆژانە بە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بە قاچاغ دەبرێت. ئەگەر باسی پرسی سەرژمێرییە، دیسانە ئەم پرسە لەلایەکەوە بەهۆی بە سیاسی کردنی و لەلایەکی تر بە هۆی نارونی و لە لیست و ژمارەی واقعی دانیشتواندا، لە جێگای ئەوەی ببێتە ریگایەک بۆ خستنە رووی ئامارێکی واقعی دانیشتوان، بۆتە گرفتێک، بەتایبەتی ئەوە لە کەرکوک و ناوچە کیشە لەسەرەکاندا. لە پرسی پیکهێنانی حکومەت و کابینەی دەهەمدا کە سودانی یەکێک لە بەرنامەی سەردانەکەیەتی، ئەگەر پارتی و یەکێتی لەسەر پۆست و داهاتی ئەو پۆستانە، رێک بکەون یان نا، هەردوولایان خاوەن دەسەڵاتی رەهان لە زۆنەکانی خۆیاندا و حکومەت!! وەکو هەمیشە وەکو دیکۆرێک بۆ رەوایەتی بەخشین بە دەسەڵاتی رەهایان لە زۆنەکاندا بۆ شیواندنی رای گشتی و دنیای دەرەوە کەڵکی لێوە ردەگیرێت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، هەم سیناریۆی هەڵبژاردن، هەمیشە بە سفری دەمێنێتەوە و هەم حکومەت، هیچ کاتێک ناتوانێت هەژموونی حزبۆکراتی تێپەرێنێت.

سودانی و دەسەڵاتی سیاسی ناوەند پەی بەو واقعیەتانە دەبەن و هەر هەوڵ و سەردان و بەرنامەیەکیان روو بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، پیش وەختە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو واقعیەتانە دەبێت..

دیارە ئامانجی سەردانی سۆدانی بەجیا لەو پرسانە، راگرتنی باڵانسی نیوان پارتی و یەکێتیە، ئامادەکارییە لە راستای خۆ کاندید کردنەوەی بۆ خولی دووەمی سەرۆکی حکومەتی عێراق، ئامادەکارییە بۆ رووبەرووبوونەوەی کاریگەرییەکانی رووداوەکانی ناوچەکە لە سەر عێراق...

پارتی و یەکێتیش، چ لە پەیوەند بە سەردانی سودانی و چ لە سەردان و گفتۆگۆ بەردەوامەکانی نیوانیان بۆ بەغدا و هاوپەیمانیەتیەکانیان لەگەڵ هیز و لایەنەکان، بەدوای ئەوەوەن کە قبوڵ بکرێن لەلایەن دەسەڵاتی بەغداوە بۆ نوێنەرایەتی کردنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی، لە هەرێم و لە زۆنەکاندا.

بۆ بەغدا گێرانەوەی هەژموونی دەستوری و حقوقی و سیاسی و ئەمنی و ئابوری و پەیوەندیەکان بەسەر هەرێمی کوردستاندا ئامانجەو بۆ پارتی و یەکێتیش، جیگا گرتن و بەفەرمی ناسینیانە لەم چوارجێوەیەدا. ناکۆکی و ململانێی نیوان پارتی و یەکێتی لەم بڕگەیدا لەو چوارچیوەیەدا دەچیتە پیشەوە.

لەو ئامانجەی بەغدا و هیزەکانی بزوتنەوەی کوردیەتیدا، خەڵکی عێراق و کوردستان ئامانجی هیرشێکی بەنەخشەو فراوانن. سەرکوتی دەنگی نارەزایەتی، هینانە خوارەوەی چاوەروانیەکانی هاوڵاتیان، کاری هەزران و کریکاری خامۆش، بی مافی و دەستەبەندەکردنی هاوڵاتیان بەپێی ناسنامە قەومی و دینی.... سەردانیش دەبێ لەوچوارچیوەیەدا تەماشابکرێت.

لەو دۆخەدا ئەرکی چینی کرێکار و جەماوەری بەش مەینەتی سەراسەری عێراق و کورستانە، بۆ یەکخستنی خەباتی هاوبەشیان دژ بە هیرش و پلانی سەرجەم بۆرژوازی عێراقی بە عەرەب و کورد و دژ بە ئامانج و ماف و خواستەکانیان.

************

بۆپێشەوە

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

FORWARD

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:


www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

عامر سابیر، نێوار عومەر، ڕێبوار حەمە شەریف، نەجمەدین فارس، بەندی عەلی، وریای رەسام، عەلی محەمەد، سەلام سەعید، ڕیبوار یاسین، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود،... لەگەڵ ژمارەیەک ژنی نارِازی...

دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

# نیشتیمانێک ... هۆنراوەی بەندی عەلی



نیشتمانێك

چیتر نەبێت لە گۆڕستان

بۆ بەهاری گەنجەکانی ..

بەیداخەکەی چیتر نەبێت

لە کفنێکی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ

جەستەی تەزیو ...

بێ شك دیارە

قارەمانەکانی دوێنێی

نێو چیرۆکە کۆنەکانی ..

چیتر نین لە هەندێ داهۆڵ

لە هەندێ شێرە بەفرینەی

قوماربازی گێلی بەزیو.. !

.............................................

ئەودەمەی کە ژیان پەنجەی

هەڕەشە بە خوێنی گەشی

گوڵاڵە سوورە هەڵدەبڕێت ..

ئەودەمەی ئاغا تەوێڵی

بێ خەمیی بە دۆلار دەسڕێت ..

ئەودەمەی دڕکی زار، گوڵی

ئادابی گفتوگۆ دەدڕێت ..

لەنوکتەی خۆش و بەجۆشی

ئەکتەرە کۆمیدیەکانا ..

ترسێ بە تونێلی دڵما

دێت و دەچێ و دەبڕێ سنوور ..


( تراویلکەی شەڕێکی کەی

بەدی ناوخۆ .. دیارە لەدوور)

******

## دوو بەرهەمی هونەرمەندان وریای رەسام و ڕێبوار فەتاح




دوا وتە

# سەردانی سودانی بۆ زۆنەکانی هەرێم

عەبدوڵا مەحمود

١٣ ئەم مانگە محمەد شیاع سودانی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. بەپێی راگەیەنراوی نووسینگەی سودانی و هەواڵی میدیا ئاگادارەکان، سەردانەکە چەند تەوەرەی لەخۆ گرتووە... پرسی هەناردەکردنەوەی نەوت، پرسی بودجە و موچە و ناکۆکیەکانی نیوان دەسەڵاتی هەرێم و دەسەڵاتی فیدرال!، سەرژمێری، پیکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم!!.

سەرەتا سودانی سەردانی هەولیر و بەرپرسانی پارتی و دواتر سەردانی سلێمانی و یەکێتی و لایەنە دەرچووەکانی هەڵبژاردنەکانی کرد. ئەم سەردانە بەر لەوەی سەردانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆلای حکومەتی هەرێم!! بێت، سەردانی حزبە سیاسیەکان و زۆنەکانی ژێر قەڵەمرەوی پارتی و یەکێتی هیزە سیاسیەکانی بازانەی ئەوانە.

ئەگەر حکومەتێک بەراستی بوونی هەبوایە کە پایتەختەکەی هەولێرە... چ پرسی نەوت و بودجە و موچەو ناکۆکیەکانی بەغدا و هەرێم و سەرژمێری...تاد، دەبوو لە رێگای حکومەتەوە، قسەباسیان لەگەڵ بکرێت، بەڵام بەو هۆیەوە کە حکومەتێک بوونی نییە، سوانی ناچارە لەگەڵ دەسەڵاتی زۆنەکان و حزبەکانیان کۆببێتەوە و ئەو پرسانەیان لەگەڵ باس بکات، کە لەبەرنامەی سەردانەکەیدا هەیە.

دیارە نەبوونی حکومەت!! لە هەرێم و لە دنیای واقعییدا، بەر لەهەموو شت نیشانەی لاوازی و دۆڕانی پیش وەختەی هەردوو دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییەو هاوبەشەکانیانە لەهەر گفتوگۆ و دانوستاندێکیاندا لەگەڵ سەرۆکی حکومەتێکی ناوەندی بە فەرمی ناسراوی عێراقدا. زیاتر لەوەش چارسەرکردنی هەموو ئەو گرفتانە بەر لەوەی لەڕێگای گفتوگۆی نێوان سەرۆکی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم!! بێت.... بەندە بە چارەسەرو ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی.

سودانی بەهەر ڕیکەوتنێک لەگەڵ پارتی و یەکێتی بگات، کە هەر لایەکیان دابەشی سەر بە جەمسەرێکی ناوچەیین و خاوەنی بەرژەوەندی جیاواز و تەنانەت دژ بەیەکن، بەجێگایەک ناگات، تا پارتی و یەکێتی خۆیان بەپێی هاوسەنگی و باڵانسی هیزیان و بەرژەوەندیەکانیان بە ڕیکەوتنێکی ریژەیی نەگەن... دیارە ڕیکەوتنی تەواوەتی زۆرتر لە خەون دەچێت و ناتەبایە بە خەسڵەت و تایبەیمەندییەکانی پارتی و یەکێتی. پارتی و یەکیتی چەندە لەچوارچیوەی ڕیکەوتنی بەیناو بەینیاندا لە

بۆ لاپەڕە 15